


# فینۆمینۆلۆژیای ئەدمۆند هۆسرێڵ

سەعید کاکی*

دیاردەناسی یەکێک لە سەر کەوتووترین بیرکردنەوە و میتۆدەکانی سەدەی بیستەمە و لە بەشە جۆراجۆرەکانی وەک دەروونناسی، کۆمەڵناسی، ئاین و هونەردا کەڵکی لێوەرگیردراو، تەنانەت لە زانستی ئابووریی و یاساش دا پەرەی سەندووە. دیاردەناسی هەرچەندە لە بەشەکانی وەک دەروونناسی و کۆمەڵناسی و ڕێبازەکانی دیکەش کەڵکی لێوەرگیردراوە، بەڵام لایەنە فەلسەفییەکەی بایەخی زیاتری پێدراوە و بەرچاوترێکە، دەستکەوتەکانی دیاردەناسی وەک ڕوانگەیەکی نوێ بۆ لایەنگرانی لە بەشە جیاجیاکانی زانستیدا، گرنگی تایبەتی پێدراوە و بووەتە هۆی دۆزینەوە و کرانەوەی ئاسۆیەکی نوێ لە فەلسەفەدا. میتۆدی دیاردەناسی لەسەرەتاوە بۆ زاڵ بوون و دەست بەسەرداگرتنی زانستە جۆراوجۆرەکان سەریهەڵنەداوە، بەڵکو مەبەستی سەرەکی دیاردەناسی لێکدانەوەی چڕوپڕ لە سەر ئاگامەندی مرۆڤ بوو، کە دەیەویست ڕوونی بکاتەوە فەلسەفە چ نییە جگە لە زانستی ئاگامەندی.

پێش ئەوەی باس لە دیاردەناسی بکەین، لە سەرەتادا دەمانەوێ پلانێکی گشتی لەسەر دیاردەناسی دابڕێژین، پاشان باس لە پێشینەی دیاردەناسی دەکەین.

## دارشتنی پلانی هەمەکی لە سەر دیاردەناسی

دیاردەناسی لەمانا باوەکەیدا، لە ڕاستیدا بە هۆسریلەوە دەستپێکردووە. ئەمڕۆ دیاردەناسی وەک میتۆد بەکاریدێنن، یان ئەوەی وەک هەڵوێستێک (Attitude) چاوی لێدەکەن. بەدەر بڕینێکی تر دیاردەناسی میتۆد (method) وهەڵوێست، یان ڕوانینیشە. هۆسرێل خۆی داهێنەر و خولقێنەری فەلسەفەی دیاردەناسییە و لای وا بوو دیاردەناسی پتر لە هەمووشتێک میتۆدە و تا دواین سانەکانی ژیانی پێداگری لەم بیرۆکەیە کردووە. شێوەیەکی دیکە بۆ دابەشکردنی دیاردەناسی هەیە، هەربۆیە دیاردەناسی بەسەر سێ ڕەوت یان قۆناغدا دابەشدەبێت :

1ـ ڕەوتی کانسێتێتیڤ constitutive. خۆلیای ئەم ڕەوتە پرسی ئاگامەندییە.

2ـ ڕەوتی ئێسێنشیاڵ Essential بانگەشەی دۆزینەوە، یان کەشفی ناوەڕۆک دەکات.

3ـ ڕەوتی ئێگزێستانیساڵ Existential بانگەشەی وەسفی هەبوونی مرۆڤ دەکات.

ڕەوتی یەکەم، نەریتی هۆسرێلە و لەلایەنی ئاگامەندییەوە پەرە دەسێنێ. کەسانێک وەک «ئارۆن گۆرێچ» لایەنگری ئەم لایەنەن و لە دیاردە ناسیدا زۆر لێزانە. لە کتێبەکەی واتە «ڕەهەندەکانی ئاگامەندی» باسی لە پەیوەندی نێوان دیاردەناسی و دەروونناسی لە لایەنی ئاگامەندیی کردووە.

ڕەوتی دووەم : باسی لە دۆزینیە وەی ناوەڕۆک کردووە. ئەوانەی بەشوێن دامەزراندن یان دارشتنی بنەمایەک لە ڕێگەی دیاردە ناسی بۆ زانستن. ئێسێنشیال لە مانا دیاردە ناسییەکەیدایە نەک لەمانا مێتافیزیکییەکەی کە سێکی وەک : «ئالفرێد شووتز» ئەم لایەنەی لە کۆمەڵناسیدا بەکارهێناوە.

> هێگل لە کتێبی «فەلسەفەی ماف» دەڵێ : «ڕاستەقینە هەمان عەقڵی مرۆڤە و عەقڵی مرۆڤیش هەمان ڕاستەقینەیە، واتە سەرجەم ڕاستیەکان بۆ مرۆڤ بەو شێوەی کە مرۆڤە دەرکەوتووە

ڕەوتی سییەم : باس لە زات یان ناوەڕۆک ناکات،(گەرچی حاشا لەم باسەش ناکات) بەڵام پرسی ئەوانە لێکدانەوە و وەسفی هەبوونی مرۆڤە، ئەم ڕەوتە ڕێچکەی جۆراوجۆری لێکەوتوەتەوە بۆ نموونە هایدیگەر و ڕێچکەی سارتەر(جگە لەم دوو ڕەوتە لە ئێگزێستانیالیزم شێوەیەکی نادیاردە ناسانەی وەک ئێگزێستانسیالیزمی یاسپەرز و گابریەل مارسێل هەیە).

کەواتە لە سەدەی بیستەمدا چ لە لایەنی چەندەکی و چۆنێتیدا، دیاردەناسی ڕەهەندێکی بەرەبڵاویی گرتەبەر. دابەش بوونی دیاردە ناسی چ وەک میتۆد یان هەڵوێست، ئەوەمان بۆ دەردەخات، سەرجەم دیاردەناسەکان یەک مەبەست و یەک خولیایان لە مێشک دا نەبووە و هەرکامیان ڕەهەندێکی جیاوازیان هەبووە. ئەگەر بێتو دیاردەناسی وەک میتۆد چاو لێبکەین، داهێنەرەکەی کەس نییە جگە لە ئەدمۆند هۆسرێل .

* * *

## پێشینەی مێژوویی دیاردەناسی

وشەی phenomenology فێنۆمێنۆلۆژی لە سەدەی حەڤدەو هەژدەدا لە لایەن لاهوتییەکان و لە سەدەی نۆزدە لە لایەن فیزیازانەکان کەڵکی لێوەرگیراوە. هێگل وشەی دیاردەناسی بەشێوەیەکی دیاریکراو لە کتێبی «دیاردەناسی ژیر (ڕۆح)» بەکاریهێنا بوو، بەڵام فێنۆمێنۆلۆژی لە سەر ئەم باوەڕە هاودەنگە، لەڕێگەی ناسینی دیاردەکان ناوەڕۆکی شاراوەی فێنۆمینەکان دەناسینەوە، کەواتە لەڕێگەی وەسفی دیاردەکان ناوەڕۆکێک «زات» خۆی لە قەرەی ئاگامەندی ئێمەدەدا. گەر وابێ فێنۆمێنۆلۆژی ناوەڕۆکخوازە، گەرچی فێنۆمێنالیزم دژ بە ناوەڕۆکخوازەکان دەوەستێتەوە.

دیاردەناسی لە ڕێگەی بیرکردنەوەکانی هێگل دەستپێکردووە، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ لە ئۆنتۆلۆژی و تیۆری زانین و مێتافیزیک تێپەڕێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ لە ڕێگەی دیاردە ناسییەوە مێتافیزیک، تیۆری زانین یان ئۆنتۆلۆژی ساز بکەین، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێ ڕوانینی دیاردەناسەکان هەمەکی ترە. هەروەک چۆن ئەرستۆ، ئۆماس ئاکۆینی پرسی فەلسەفەیان بەرەو بوون هانداوە، بەڵام کانت پرسی فەلسەفە لە دیاریکردنی سنوورەکانی زانینی مرۆڤدا دەبینێتەوە، بۆئەوەی لە سەر ئەم بناغەیە پلەو پێگەی تیۆری زانین و ئۆنتۆلۆژی دیاریبکات. دیاردەناسی ڕێسایەکی هەمەکییە و

گۆڤارێکی فکری، فەلسەفییە، دوو مانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٩) حوزەیرانی ٢٠١٣

ئەویش ئەمەیە، تەنیا ئەو شتانەی لە قەرەی زەینی مرۆڤ دەدەن و خۆی دەخاتە ڕوو و جێگەی سەرنجدانە، سا ئەگەر شتێک وەدیار نەکەوێت مانای ئەوەیە بۆ مرۆڤ بەو جۆرەی کە مرۆڤە خۆی دەرنەخات و هێندە بەهای نییە باسی لە سەر بکەین. لە ئەنجامدا باس لە نۆمێن و شت لە خۆیدا جیا لە مرۆڤ باسکردنی بێ بایەخە، چونکە خۆی لە قەرەی مرۆڤ نادات و خۆی دەرناخات، کەواتە تەواویی سنوورەکانی نۆمێن، نۆمێناڵ دەبنەوە.(بیرۆکەی هێگل لەگەڵ ئەو وێنایەی مەسیح لە خودا هەیەتی ـ واتە خودای مرۆڤ شێوە ـ یەک ناگرنەوە. هێگل لە سەرەتای دیاردەناسی ژیر یان ڕۆحدا دەیسەلمێنێ، کانت بە هەڵە بیریکردوەتەوەو دەکرا نۆمێن بپارێزێ و خۆی لەقەرەی فێنۆمێن بدات، بەڵام لە بۆچوونی هێگل فێنومێن بەبێ نۆمێن بوونی نییە و لەبنەڕەتەوە نۆمێن، فێنۆمێناڵە. فۆمێناڵ لە ڕێگەی فێنۆمێنەکان بە نۆمێن دەبن، ئەمەش دژ بە هەڵوێستی پێشینییەکانە. ئەوان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کەوا فێنۆمێن زایەلەی نۆمێنە. لە بیرۆکەی هێگلدا فێنۆمێن هەمان خولقاندنی سۆبژێکتیڤیتەی مرۆڤە.

هێگل لە کتێبی «فەلسەفەی ماف» دەڵێ : «ڕاستەقینە هەمان عەقڵی مرۆڤە و عەقڵی مرۆڤیش هەمان ڕاستەقینەیە، واتە سەرجەم ڕاستییەکان بۆ مرۆڤ بەو شێوەی کە مرۆڤە دەرکەوتووە»، بەڵام هۆسرێل وشەی فێنۆمێنۆلوژی لە ڕێگەی بیرو ڕای هێگلیەوە بەکارناهێنێ، بەڵکو لەهەناویی ڕەوتی ئەزمونخوازی دەروناسیانەی کەسانێکی وەک هیوم و برێنتانۆ دەریدێنێت، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە هیوم چ پەیوەندیەکی بەبابەتێکی وەک دیاردەناسی هەیە؟

لەلایەنی وشە ناسیدا، پێویستە ئەم خاڵە ڕەچاو بکەین، کوا لە نێوان وشەی فێنۆمێنالیزم و وشەی فێنۆمێنۆلۆژیدا جیاوازییەکی ئەوتۆ هەیە و دوو ڕەهەندی جیاواز دەگرنە بەر و بنەمای جیاوازیان هەیە، تەنانەت ئەنجامی جیاوازیشیان لێدەکەوێتەوە. فێنۆمێنالیزم (دیاردەی سادە) ڕێبازێکی ئامێپرێسی(ئەزمونییە و لای وایە جگە لە دیاردە هیچ شتێکی دیکە لە ئارادا نییە و زاتێکی شاراوە لە پشتی دیاردەکان بوونی نییە، واتە فێنۆمێنالیزم ئەسانسیالیت(زاتگەرا) نییە. هیوم بە ڕێبازی فێنۆمێنالیزمەوە بەندە و سەر بە ڕێبازی فێنۆمێنۆلۆژی نییە، بەڵام هۆسرێل ئاماژەی بە هیوم کردووە و لە دەستپێکی وتارەکانی لە سۆربۆندا ئەمە دەڵێ: «سەرجەم فەیلەسووفەکانی مێژوو لە میتۆدی دیاردەناسی بەبێ ئەوەی ئاگایان لێی بێ کەڵک وەردەگرن» ، هەروەها هۆسرێل لە وتارەکانی دیکەدا ناوی «هیوم » و «کانت»ی هێناوە وەک ئەو کەسانەی کە ژیرانە لە میتۆدی دیاردەناسی کەڵکیان وەرگرتووە. بە بۆچوونی هۆسرێل ، کانت لەباسی مەنتیقی بەرزەجێدا (کتێبی هەڵسەنگاندنی عەقڵی پەتی) بەشێوەیەکی تایبەت لە فێنۆمێنۆلۆژی کەڵکی وەرگرتووە. هۆسرێل، لە سەرەتادا زانای بیرکاری بووە و لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا ڕەوتێکی پۆزێتیڤیستی زانستی لەسەر بنەمای فیزیا و بیرکاری سەرهەڵدەدا و لە بیرکاریدا کە هۆسرێل سەرقاڵی خوێندنی بووە، بە شێوەیەکی ئەزمونخوازنە بیرکاریان تەفسیر دەکرد، بەڵام بۆچارەسەری پرسەکانی بیرکاری پێویستمان بە تەفسیرنییە، بەڵام لە فەلسەفەی بیرکاریدا بەهۆی ئەوەی ناوەڕۆکی لە چییەتی بیرکاری دەکۆڵێتەوە و کەشێکی پۆزیتیڤیستی بە سەریدا زاڵ بوو و باسی کێشە پۆزێتیڤیستەکان لە ئارادا بوو.

هۆسرێل لەم کەشەدا بەرەو فەلسەفە گەڕایەوە و بوو بەهاوڕێی برێنتانۆ. برێنتانۆ کانت ناس و ئەرەستۆ ناسێکی بە ناوبانگە. بۆخۆی بیر و بۆچوونی تایبەتی هەیە و مرۆڤێکی بیرمەند و مامۆستایەکی باشە. فەیلە سوفانێکی مەزنی وەک فرێگە و هۆسرێل قوتابی برێنتانۆ بوون. برێنتانۆ لەو کاتدا لەفەلسەفەدا ئۆتۆرێتەی تەواوی هەبووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی سەرەنجی زۆر کەس بەرەولای خۆی ڕاکێشێ. هۆسرێل لە ژێرکاریگەری برێنتانۆدا بووە، هەروەها لە ڕەوتی نوێ کانتی سەدەی نۆزدەیەمیش کەڵکی وەرگرتووە. کاتێ هۆسرێل هەنگاو دەنێتە ناو جیهانی فەلسەفەوە، هەڵوێستە پۆزێتیڤیزمەکان بێ بەها دەزانێ و دژیان دەهەستێتەوە. کاتێ هۆسرێل ڕوو لە فەلسەفە دەکات و بوو بە قوتابی برێنتانۆ، بەردەوام خولیای ئەوە بوو پارێزگاری لە فەلسەفە بکات و بنەمایەکی پتەو بۆ فەلسەفە دابنێت.

هۆسرێل یەکەم کتێبی بە ناوی «بنەماکانی زانستی ژمێرە» نووسی، لەم کتێبەدا کاریگەری برێنتانۆی پێوە دیارە. لەسەردەمی برێنتانۆدا، لەسەر بابەتێکی وەک تیۆری زانین باسی جۆراوجۆر دێنە ئاراوە، هەربۆیە سێ بیر و بۆچوون سەبارەت بە بوون سەر هەڵدەدا :

1ـ گەلالەی باسی تیۆری زانین بەشێوەیەکی مەنتیقیانە.

2ـ گەلالەی تیۆری زانین بە شێوەیەکی دەروناسیانە و

مرۆڤناسانە .

3. گەلالەی باسی تیۆری زانین بە شێوەی مەنتیقییانە و لەرێگەی تەفسیرێکی دەروونناسیانە، ئەمەش لە داهێنانەکانی تایبەت بە برێنتانۆیە.

برێنتانۆ لە هەوڵدایە تەفسیرێکی مەنتیقیانە لە دەروونناسی بێنێتە ئاراوە، گەرچی لەو سەردەمەدا دەروونناسی (علم النفسی فەلسەفەیە) و بەشێوەی پاش کانتی چاوی لێکدەکرا، نەک ئەو دەروونناسیەی کە پاش شەڕی جیهانیی دووەم بە شێوەیەکی زانستیانە سەرهەڵدەدا. لەئەنجامی ئەم کارەدا، تیۆری زانین تەفسیرێکی دەروونناسیانەی لەسەر دەکرێت، سەرەڕای ئەم تەفسیرە، بناغەی سەرجەم شتەکان بە تایبەت بنەمای چالاکییە عەقڵییەکانە کەوا تیۆری زانین پێکدێنن دەگەڕێنەوە بۆ سەر بنەمایەکی دەروونناسییانە.

ئەفسیری برێنتانۆ لەسەر دەروونناسی و شیکردنەوەیە، کە لەکەشی زانکۆ و لەو سەردەمەدا باسی لەسەر دەکرێت و هۆسرێل لە ژێرکاریگەری ئەم کەشەدا کتێبی «بنەماکانی زانستی ژمێرە« دەنووسێت، هەرکە پەرتووکی یەکەم لەچاپ دەدرێت، فرێگە ڕەخنەی لێدەگرێت. هۆسرێل لە کتێبەکەیدا هەوڵی داوە، بۆ ئەوەی بنەمای ژمێرە لە زانستی ژمێرە و مەنتیق بە شێوەیەکی دەروونناسییانە ئاراستە بکات. بە بۆچوونی فرێگە، کتێبی هۆسرێل پارێزگاری لە هەڵوێستی دەروونناسییانە دەکات و ئەم هەڵوێستە بەچەن هۆ هەڵە لە ئاو دەردێت. هۆسرێل پەیڕەوی لە ڕەخنەکەی فرێگە دەکات و هەربۆیە پەرتووکی دووهەمی کتێبەکەی لە چاپ نەدا، لە بەرانبەردا کتێبی «تۆێژینەوە مەنتیقییەکان» بڵاو دەکاتەوە و لەڕاستیدا هاودەنگ لەگەڵ بیرۆکەی فرێگەدا دژ بە نەریتی برێنتانۆ دەوەستێتەوە و دەروونناسی لە فەلسەفەکەی دادەماڵێ. لە بیرکردنەوەکانی هۆسرێل سێ قۆناغی گشتی هەیە، گەرچی ئامانجی ئەو یەکێکە، بەڵام لەهەر قۆناغێک دا ڕەوتێکی دیاریکراوی هەیە. دەرکەوتەی قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوەی هۆسرێل بایەخدان بە هیبومە. لە قۆناغی دووهەمدا، بایەخ بە دیکارت دەدا و هەوڵی ئەوەیە نەریتی دیکارتی ساز بکاتەوە لەم قۆناغەدا کتێبی «ڕامانە دیکارتییەکان» دەنووسێ. لەقۆناغی سێیەمدا هۆسرێل لەسەر خوێندنەوەکانی خۆی بە تەفسیرێکی هەمەکی دەگات و لە فەلسەفەکەیدا پۆختەتر دەردەکەوێ. ئەو باس لەکلتور و زانستی ئەوروپی دەکات و کتێبی قەیران لە زانستی ئەوروپی دەنووسێ. لەم قۆناغەدا مۆرکی فەلسەفەی هێگل بەکارەکانییەوە دیارە، کەواتە هۆسرێل سێ قۆناغی هەیە، گەرچی خولیاکانی ئەو جێگیر و نە گۆڕن. ئەوەدەیەوێت لەڕێگەی فەلسەفەوە زانستێکی متمانە پێکراو و بنەڕەتی سازبکات و میتۆدێکی دڵنیای بۆ دابین بکات. بەبۆچوونی هۆسرێل دیاردەناسی میتۆدە.

**دیاردەناسی وەک میتۆد**

لەڕوانگەی هۆسرێلدا، دیاردەناسی چ نییە جگە لە میتۆد. ئەم میتۆدە لەکتێبی «تۆێژینەوە مەنتیقییەکاندا» سەرهەڵدەدا، بەڵام هۆسرێل بەڕاشکاوی باسی لە فینۆمینۆلۆژی نەکردووە. هۆسرێل لە وتارێک لە ئینسکلۆپیدیای بریتانیکادا ئەو وشەیەی لە تۆێژینەوە مەنتیقییەکاندا باسی لەسەر کردووە دووپاتی دەکاتەوە. بە بۆچوونی هۆسرێل فینۆمینۆلۆژی، جۆرێک دەروونناسیی وەسفییە . سایکۆلۆژی لە دەربڕینی هۆسرێل دا، بەمانای ناسینی کردەوەی ئاگامەندییە، نەک ئەوەی گیانناسی بێت، واتە سایکۆلۆژی بۆ ئەو ئاگامەندی ناسییەو جیاکردنەوەی ئەو لە ئێپیستمۆلۆژی لەو دەدایە کە لە ئێپیستمۆلۆژیدا بە شوێن کەرەسەی زانین، سەرچاوەی زانین، لایەنەکانی زانین و پێناسەی زانین دەگەڕێین، بەڵام لە سایکۆلۆژیدا باس لەسەر ئەوەیە، مێکانیزمەکانی ئاگامەندی مرۆڤ کامانەن و ئاگامەندی چۆن سەرهەڵدەدا و ئەواوی شتەکان لە ئاگامەندیدا کۆ دەبنەوە وفۆڕمی ئاگامەندییەکەی ناسەلمێندرێت و دابەش نابێتە سەر بەشێکی دیکە.

کەواتە فینۆمینۆلۆژی میتۆدێکەی بۆ وەسفی ئاگامەندی و شێوازەکانی هۆسرێل بە هێنانی «وەسف» لە فەلسەفەکەیدا هەوڵی ئە وە بوو خۆی لە دۆخی برێنتانۆیی دەرباز بکات.

برێنتانۆ دەیەویست جلی ئاگامەندی بە بەر زانستی ئەزموونی بکات، بەڵام هۆسرێل دەیەویست ئاگامەندی لە فۆڕمی زانستی ئەزموونی داماڵێ، کەواتە دوو وشە بۆ میتۆدی هۆسرێل هەیە و لە ڕاستیدا یەک دەگرنەوە :

1. دیاردەناسی
2. دەروونناسی وەسفی

وشەی دووهەم تایبەت بە هۆسرێلە.

**ئاگامەندی و قۆناغەکانی میتۆدی دیاردەناسی**

خولیای هۆسرێل ، پرسی ئاگامەندییە. مۆدێرنیتە جۆرێک لە فەلسەفەی ئاگامەندییە و لە سەردەمی دیکارت بەدواوە فەلسەفەی مۆدێرن لە سەر ئەم بنەمایە دامەزراوە. هێگل هەوڵیدەدا روونییکاتەوە مێژوی مرۆڤ بە گشتی، مێژوی ئاگامەندییە

و گەر کەسێ هەوڵی ئەوەبێ خۆی لە مێژوی ئاگامەندی مرۆڤ دەرباز بکات، بە گشتی خۆی لە بازنەی مرۆڤایەتی سڕیوەتەوە.

کانتیش خۆی بە پرسی ئاگامەندی سەرقاڵ کردووە، ئێستا ئاگامەندی لە ڕێگەی چ میتۆدێ جیهان ڕێک و پێک دەکات؟ بەشێوەی گشتی میتۆدی دیاردەناسی هۆسرێل دابەش دەبێتە سەر دوو قۆناغ :

1. قۆناغی هەڵپەساردن
2. قۆناغی گەڕانەوە بۆ سەرەتا.

ئێپۆخە(epoche)، مانای ڕاگرتنی بڕیار، هەڵپەساردنی بڕیارە دەگەیەنێت. لە یەکەم هەنگاودا وا دەردەکەوێ جیهان بریتیە لەو شتەی لە دەرەوەی زەینی ئێمەدایە، کەواتە وێنای سەرەتایی مرۆڤ بریتیە لەوەی کە جیهان، لە دەرەوەی بازنەی ئاگامەندی ئێمەدایە و لە خاڵی بەرانبەری ئێمەدا ڕادەوستێ و ژوور ئاگامەندی ئێمە دەکەوێت (هۆسرێل لە ئەنجامدا، باسی لە جیهان بە شێوەیەکی چۆنییەتی کردووە، نەک بەشێوەی چەندەکی، واتە باس لە چۆنییە تی ئاگامەندی مرۆڤ دەکات).

هۆسرێل لەسەرەتادا هەوڵیدەدا حەسێبی خۆی لەو کەسانەی کەبانگەشەیان ئەوەیە خاوەن زانستن و بابەتی بیرکردنەوەیان جیهانی سەر بە خۆی زەینی مرۆڤە جیابکاتەوە. ئەم کەسانە پۆزێتیڤیستەکانن. پۆزێتیڤیستەکان پێداگری ئەوەن کەزانستی سروشتی، باس لە جیهانی سروشتی دەکات، ڕاستییەکانی جیهان دەدۆزێتەوە، بە مەرجێک ئێمە بێ لایەنی بگرینەبەر، بۆ ئەوەی ڕاستیەقینە بەو جۆرەی کە هەیە خۆی بەئێمە نیشان بدا.

هۆسرێل ئەم بیروبۆچوونەی سروشتییەکانی بە باش نەزانیوە. ڕەتدانەوەی ئەم هەڵوێستە ئەوەیە، گەرچی جیهانی دەرەکی خۆی بۆ مرۆڤ دەردەخات، بەڵام ئەم دەرکەوتنە لە ڕوانگەی هۆسرێل لە ئاگامەندی مرۆڤدایە، کەواتە سروشت، بەو شێوەی کە هەیەو سەربەخۆ لەزەینی مرۆڤەکانە بە کەڵکی چی ئێمە دێت، هۆسرێل نەڵێی لە هەبوونی سروشت نەکردووە، بەڵکو هەڵوێستی سروشتییەکان ڕادەگرێت واتە «ئێپۆخەیان» دەکات. «ئێپۆخە وشەیەکی یۆنانییە و مانای ڕاگرتن یان هەڵپەساردن دەگەیەنێت». ڕاگرتنی بیروڕای سروشتی مانای ڕاگرتنی سروشت، یان ڕاگرتنی بوون یان نۆمێنە ناگەیەنیت، بەڵکو «بڕیاری» لەسەر بوون یان نەبوونی نۆمێنەیەکی سەربەخۆ، کە لە زەینی مرۆڤە دایە پێویستە ڕابگیردرێ. هۆسرێل هەر وەک هێگل ئەم باسەی وروژاندوە و ئەنجامەکەی ئەوەیە باس لە جیهانێکی سەربەخۆ لە زەینی مرۆڤ بێ بەهایە. لە بەهاخستنی ئەم باسانە، ئەنانەت مادەی ماتێریالیستەکان، سروشتی پۆزێتیڤیستەکان و نۆمێنەکانیش دەگرێتەبەر، واتە ڕاگرتن یان هەڵپەساردن، مانای ئەوەدەگەیەنێ هیچ بڕیارێکی ئەرێنی یان نەرێنی لە سەر بوون یان نەبوونی بابەتێکە لە زەینی مروڤدا سەر بە خۆیی هەیە، کەواتە هەڵپەساردن، مانای ڕاگرتنی بڕیار دەگەیەنێ و مەبەستی ڕاگرتنی بوون یان ڕاگرتنی سۆبژێکتیڤ یان نۆمێنەی کانت نییە،(واتە بڕیارەکە ئێپۆخە دەکرێت).

کەواتە پێویستە لەسەر ئەوەی، کە ئایا شتێکی سەر بەخۆ لە زەینی مرۆڤدا هەیە، پاشگەزبینەوە و هیچ نەڵێین و خۆمان سەرقاڵی ئەو شتانە بکەین، کە خۆیان بە مرۆڤ نیشاندەدەن. ئەوەی لای مرۆڤ دەردەکەوێت لە بازنەی ئاگامەندیدایە و لە ڕەگەزی ئاگامەندییە.

لێرەدا باس لە دوو وشەی دیکە پێویستە :

1. خستنە ناوکوان Bracketing
2. نەبوونی پێشگریمانە Presupposition less

وشەی خستنە ناوکوان، لەداهێنانەکانی هۆسرێلە. کاتێ ئەواوی شتەکان لە ناخی ئاگامەندی مندایە و ناتوانین باس لەسەر بوون یان نەبوونی ئەو لە جیهانی دەرەوە بکەین، پێویستە لە ناوکوا نی دابنێین و هەڵوێستێکی نازانمکارانە بگرینە بەر. ڕای هۆسرێل ئەمەیە، هەرکەسێ بۆ دەستپێکی کارەکەی گریمانەیەکی لە زەینیدایە، بەڵام هۆسرێل بە پێچەوانەوە دەڵێ : «هیچ پێش گریمانەیەک نییە وەک ئەو هەوڵانەی هیوم و دیکارت دایانە».

کەواتە هۆسرێل لەڕێگەی ڕاگرتنی هەڵوێستە سروشتییەکان ئاڕادەیەک لەگەڵ بۆچوونی پۆزێتیڤیستەکان هاوڕایە. گەرچی هۆسرێل لە ئەنجامی دیاردەناسییەکەیدا ڕێگە بۆ زانستی نوێ خۆشدەکات، بەڵام نەک بەو جۆرەی کەپۆزێتیڤیستەکان پێداگریان لەسەر دەکرد، بەڵکو لە ڕوانگەیەکی دیکە و لە ژێر ناوی «جیهانی ژیان» باسی لەسەر دەکات.

**گەڕانەوە بۆ سەرەتا Reduction**

گەڕانەوە بۆ سەرەتا لەچەمکە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی هۆسرێلە، سەرەتای دیاردەناسی هۆسرێل بە «ئێپۆخەوە« دەستپێدەکات، ئێپۆخە پێویستی بە گەڕانەوە بۆسەرەتا هەیە. Reduction «ڕێداکشین» دیاردەناسانە بەرەو ناوەڕۆک هەنگاو دەنێت و ڕێداکێشن ناوەڕۆک یان زاتی گەڕانەوەی بەرزەجێی لێدەکەوەتەوە. وشەی

ڕێداكشێن، مانای» كورتكردنەوە «و «كەمكردنەوەش» دەگەیەنێ، گەرچی بەكارهێنانی ئەم وشەیە بۆماتێریالیزمی شیكاری گونجاو و لەباوە، بەڵام بەكارهێنانی بۆ فەلسەفەی هۆسرێل نەگونجاو و نالەبارە. پێویستە ڕێداكشێن بە مانای «گەڕاننەوە بۆسەرەتا یان سەرچاوەكەی» بەكار بێنین. گەڕاننەوە بۆ سەرەتا یان كورتكردنەوەی دیاردەناسییانە، لەو شەی ڕاگرتن یان هەڵپەساردن سەرچاوەی گرتووە. ڕاگرتنی بڕیار لەسەربوون و نەبوونی نۆمێنە »شت لە خۆیدا یا جیهانی سروشتی» كاتێ لە بار و گونجاوە خۆی لە قەرەی زەین بدا یان ئەوەی، كە لە زەین دا ئامادە بێ. هۆسرێل فۆرمەلەیەكی هەیە، ئەویش گەڕاننەوە بۆسەرتای شتەكانە. نەبوونی پێش گریمانە وەك سەرەتایەك لە فەلسەفەی هۆسرێل دا مانای دەسپێكردنی سەرجەم شتەكان بەبێ پێشگریمانەی هەیە، ئەمەش دژ بە ڕەوتی هێرمێنۆتیك دەوەستێتەوە، كەواتە دیاردەناسی هۆسرێل هێرمێنۆتیكی نییە، بەڵام دیاردەناسی هایدیگەر لە بنەڕەتەوە ڕێچكەیەكی هێرمێنوتیكی هەیە و هۆسرێل ئەم ڕەوتەی پەسەند نەدەكرد. «ئەسڵی نەبوونی پێش گریمانە« لە بۆ چوونی هۆسرێل دا، بنەمایەكی دیكارتی هەیە، بۆیە میتۆدۆلۆژیكاڵە. (هێرمێنوتیك بناغەی میتۆدۆلۆژی ئێك و پێكدەدا و شێوەی میتۆدۆلۆژیكی پەسەن نییە و لایان وایە ناتوانن چاودێرێكی بێ لایەن بن)، بەڵام هۆسرێل ئەسڵی نەبوونی پێش گریمانەی پەسەندكردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ فەلسەفەكەی لە شوێنێكەوە دەسپێدەكات، كە هیچ كام لە ئاگامەندییە پێشینییەكانی ئێمە دەس لەم كارە وەر نەدەن، هەربۆیە

> هۆسرێل باس لە شت دەكات بەو شێوەی كەلە ئاگامەندی ئێمەدا دەردەكەوێت، نەك ئەوەی لە دەرەوی ئاگامەندی ئێمەدا بێ

بەبێ پێش گریمانە دەسپێدەكات و لەئەنجامدا ڕاستەوخۆ خۆی لە قەرەی شتەكان دەدا. گەرچی ئەم شێوەیە ئاڕادەیەك جێ پەنجەی فەلسەفەی هیومی پێوەدیارە، وەك دەڵێ، ئێمە لە خودی شتەكان نزیك دەبینەوە، ئێنتباعی شتەكان لە خۆماندا ڕەچاو دەكەین لە ئەنجامدا پەیوەندی لەگەڵ شتەكان سازدەكەین و ئاگامەندی دەگەین. لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییە بابەتێكی وەك ئێپۆخە چالاك دەبێت، بەڵام هیوم دەڵێ بابەتەكە بەردەوام سەربەخۆیی خۆی لە زەینی ئێمە دەپارێزێت و من لەناخی خۆمدا ئێنتباعێكم لە شتەكە هەیە، بەڵام لە بۆچوونی هۆسرێلدا، بەشت بوون، خۆی بەزەینەوە بەندكردووە و لە لایەن ئاگامەندی ئێمەوە دابیندەبێت، بۆیە هۆسرێل لەسەرەتادا وا دەردەكەوێت هیومی بیر دەكاتەوە، بەڵام دواتر خۆی لە هیوم دوور دەخاتەوە.

كەواتە بە بۆچوونی هۆسرێل ئەوەی نایەتە ناو بازنەی ئاگامەندییەوە، ڕادەگیردرێت. هێز، كاتێ هێزە لە ئاگامەندی مندا بێ بەهێز، فێنۆمێنۆلۆژی هۆسرێل لێكدانەوەی ئەم مێكانیزمەیە كوا چۆن شتێك لەئاگامەندی ئێمەدا بەشت دەبێ، كەواتە هۆسرێل باس لە شت دەكات بەو شێوەی كەلە ئاگامەندی ئێمەدا دەردەكەوێت، نەك ئەوەی لە دەرەوی ئاگامەندی ئێمەدا بێ، واتە لەو پەڕی ئەو فێنۆمێنانەدا دەردەكەوێت كە ئێمە ئێیدەگەین. شتەكانی دەرەوەی زەین و فێنۆمێن ڕادەگیردرێت و هۆسرێل پێداگری لەو شتانە دەكات لە ئاگامەندی مرۆڤدا دەركەوێت.

**شەوودی «حەدەس» هەستەكی و شەوودی زاتی**

لە سەرەتادا بۆچوونی هۆسرێل ڕێئالیستی دەردەكەوێت و لەهەمانكاتیشدا ئایدیالیستیش خۆی دەنوێنێ، بۆیە لەڕوانگەی هۆسرێل دا ئایدیالیزم عەینی ڕێئالیزمە، نەك ئەوەی دژی بووەستێتەوە و لەهەمانكاتیشدا ئایدیالیزمەكەی دژ بە ماتێریالیزم دەوەستێت، كەواتە ڕێسای هۆسرێل گەڕاننەوە بۆ سەر شتەكان پێكهاتووە و لەگەڵ ئەم بابەتەی كەشتێك سەربەخۆ لە ئاگامەندی مندا نییە یەك دەگرێتەوە، واتە شتەكان لە كۆمەڵێك دیاردە پێكهاتووە كە لە ئاگامەندی مندا دەردەكەون. لە هەست كردندا لە كاتی گەڕان لە شتەكان تووشی گریمانەی دەست ئێنەوەردانی عەقڵ لە هەستكردن دەبینەوە، بەڵام عەقڵ لە كاتی ڕێداكشێنی زاتیدا خۆی لەقەرەی بابەتەكە دەدا و ئەوەی لای من دەردەكەوێ شەوودێكی هەستەكی یان هەستكردنە، مانای ئەوەیە ئەوەی

لای من دەردەکەوێ شەووودێکی هەستەکی، یان هەستکردنە؛ واتە ئەوشتەی کە لای من دەردەکەوێ لە هەستکردندا ڕەچاو دەکرێت. لەم سەروبەندەدا شتەکان وەک کۆمەڵێک دیاردە دەردەکەون و خۆیان نیشاندەدەن، بۆیە فێنۆمێنەکان لەسەر یەک کۆ دەبنەوە، پاشان ڕێز دەکرێن و سەروسامان دەدرێن، کۆبوونەوە پەیوەندی بە ڕێداکشێنی دیاردەناسانەوە هەیە، بەڵام ڕێکوپێککردنی دیاردەکان پەیوەندی بە ڕێداکشێنی زاتی هەیە. لە کاتی هەستکردن بە مێزکەی بەردەممان، دەسکەوتەکەمان مادەی ناسینە، بە بۆچوونی کانت لە شەوودی هەستەکی، یان هەستکردندا، مادەی ناسین دابیندەبێت و فۆڕمی ناسین لەڕێگەی زانینییە وە بە ئێمە دەگات. هاوشێوەی ئەم جیاکردنەوەی کانت، بۆ هۆسرێلیش دەردەکەوێت، کاتێ شتێک بە شێوەی کۆمەڵێک دیاردە لە زەینی ئێمەدا شەووددەکرێت، بە دوور لە هەرچەشنە زاتێک، ئەم دیاردانە دەدرێنە زەینی من، هەر بۆیە کانت و هیوم بە هەڵە داچوون، ئەم دیاردانە لە دەرەوەی لە زەینی مندا دەستنیشان دەکرێن.

هۆسرێل کاتێ بڕیارەکە هەڵدەپەسێرێ، خۆی لەقەرەی جیهانی دەرەکی وەک سۆبژێکتیڤێتە وەرناداث و کاری بەسەر جیهانی دەرەکییەوە نییە.

کاتێ بابەتێک یان شتێک زاتی نەبێتەوە، و کۆمەڵێک دیاردەی سادەبن هاوکاث لەلایەن عەقڵەو ە، شەوودێک سیبەر بەسەر جەستەدا دەگرێت، لەم سەروبەندەدا هاوکاث لەگەڵ دەرکەوتنی شەوودی هەستەکی، یان هەستکردنی من، شەوودێکی عەقڵیش ڕوودەدا و ئەم شەوودە زەینی و ناوەکییە، نەک ئەوەی لە ناوەوە بۆ دەرەوەبێ.

لە ڕاستیدا یەک شەوودمان هەیە، بەڵام لە لایەک شەوودێک لە دیاردەکان کۆدەکاتەوە و لەلایەکی دیکە فۆڕمیان پێدەدا، کەواتە ئەرکی شەوود، ئاگامەندی ناوەکییە. ئێمە هیچ شتێک لە دەرەوی ئاگامەندیماندا شەوودناکەین (ئێبینی دەروونییە ). ئێمە گرنگی بەو دیاردانە دەدەین خۆیان لەقەرەی ئاگامەندی ئێمە دەدەن و شەوودیان دەکەین و فۆڕمیان پێدەدەین. لە م سەروبەندەدا ئێمە دوو قۆناغمان هەیە :

1ـ قۆناغی یەکەم، شەوودی دیاردەکانە.

2ـ فۆڕمدان بە دیاردەکانە.

شەوودی دووەم بۆ هۆسرێل بووە هۆی ئەوەی شەوودێکی زاتی، یان ئایدێتیکی گرنگتر و بایەخی زیاتری هەیە. لەم شەوودە زاتییەدا ئاگامەندی بناغە دادەنێ. بناغەدانان، یاخود پێکهاتن لەڕێگەی مانا و فۆڕم و شێوە بەخشین بە شەوودی هەستەکی، یان هەستکردن دەدرێتە مادە. پێش پەرەدان بە باسەکە پێویستە چەن خاڵ ڕوونبکەینەوە. خاڵی یەکەم ئەوەیە، ئەم باسانە پەیوەندیان بە خاڵی سەرەتای ئاگامەندی هەیە و پیوەندی بە ناسین نییە، واتە ناوەڕۆکی ئاگامەندی و چۆنییە ئی شێوەگیر بوونیان بایەخی هەیە، یانی بەدەسهێنانی ناوەڕۆکی ئاگامەندی و چۆنییەتی پێکهاتنیان بەشێوەیەکی فێنۆمێنولۆژیکانە شیدەکاتەوەە. لە قۆناغی دواییدا باس لە ناسین و قیاس دەکات. لێرەدا بەگشتی باس لە ئاگامەندی دەکرێت، چونکە ئاگامەندیی لە ڕوانگەی هۆسرێل دا بناغەی فەلسەفەیە. ئیشی فەلسەفە لێکدانەوەی ئاگامەندییە و باس لەلایەنە لاوکییەکانی پەیوەندی بە زانستەکانی دیکەیە.

بۆچوونەکانی هۆسرێل ، باس لە (Knowledge)ئاکان بەڵکو باسی (consciousness)دەکەن. قۆناغی ئاگامەندی پێش زانین و باوەڕ دەکەوێ. فۆڕم گەلێک لە ئاگامەندیدا ئامادەیە بە شێوەی زانین و باوەڕ سەرهەڵدەدەن.

خاڵی دووهەم ئەوەیە، وشەی ئایدێتیک وشەیەکی (Eidos)یۆنانییە، واتە هەمان ئایدیای فەرەنسەییە و (Idea)ئینگلیزییە. بەبۆچوونی ئەفلاتوون Edios فۆڕمی عەقلانی بابەتێکە، باشتر وایە لە بەرانبەر وشەی ئایدێتیک دا، لە وشەی زاتی کەڵک وەرگرین، نەک وشەی چۆنییە ئی «ماهیەت»، کەواتە لە دیاردەناسی هۆسرێلدا دووشێوە شەوود (Intuition)هەیە.

1ـ شەوودی ئەزموونی یان ئێمپیریکاڵ

2ـ شەوودی زاتی یان ئایدێتیک

شەوودی ئەزمونی دیاردەکان بەبێ پۆلێنبەندی دەخاتە ڕوو. ئەمە لەحاڵێکدایە، شەوودی ئایدێتیک فۆرمگەلێکی عەقڵی بەدیاردەکان دەبەخشن. بە بۆچوونی هۆسرێل ئاگامەندی بریتییە لە «پەیوەندی» و تییەئمەندی(intentionality). ئەم پەیوەندییانە دوو بەشی لێدەکەوێتەوە :

ئا) پێکهێنان Constitution

ب) ئایدیا (فۆڕم) بەخشین Ideation

مانای ئەوەیە ئەم پەیوەندییە لە ڕێگەی پێکهێنانەوە بناغەدادەنێ و لە ڕێگەی ئایدیا بە خشین بەم «پەیوەندیانە« فۆڕم و مانا و زاث سازدەبێت.

## ئۆنتۆلۆژییە مادیی و فۆڕمەکییەکان

لێرەدا پرسیارێک هەیە ئەویش ئەمەیە، پەیوەندی نێوان شەوودی هەستەکی و شـەوودی عەقڵی چ شێوەیەکی هەیە؟ بۆ لێکدانەوەی ئەم پەیوەندییە کەسانێکی وەک کانت لە هێزی خەیاڵ یارمەتی وەرگرتووە، بـەڵام هۆسرێل سـەرەڕای ئەوەی بایەخی بەم بۆچوونەی کانت داوە، هۆسرێل بۆ ئەوەی، کە لە لایەنی زانینەوە ئەم پەیوەندییە مەنتیقی سـاز بـکات لـەوشـەی ئۆنتۆلۆژی کەڵک وەردەگرێت، ئەم وشەیەی لە بۆچوونی فەیلەسوفانی رابـردو جـیـاوازە، ئۆنتۆلۆژی لە بۆچوونی هـۆسـرێـلـدا مـانـایـەکـی مەنتیقی هەیە(کنێبی ئۆێژینەوە مەنتیقییەکان)، کەواتە ئۆنتۆلۆژی مانای مەنتیقی زاڵ بوون بەسەر شەوودی هەستەکی، یان مەنتیقی زاڵبوون بەسەر شەوودی عەقڵیدا دەگەیەنێ. هۆسرێل مەنتیقی زاڵ بە سەر شـەوودی ئەزمونی بە (ontology material)نـاو بردووە و مەنتیقی زاڵ بەسەر شەوودی زاتی بە (Formal ontology)نـاوبـردووە. (مەبەست لە ئۆنتۆلۆژی مادیی، مـادەی فیزیا نییە، بەڵکو مـادەی مەعریفییە)، هـەروەهـا (Form) مانای (Eidos)ی هەیە. ئۆنتۆلۆژی فـۆرمـەکـی هـاوشـێـوەی ئەوشتەیە لە ئیۆلۆژی ئیسلامیدا «مەعقووڵی دووهـەمـی» پێدەڵێن . ناوەڕۆکی مەنتیقی فۆڕمەکی لە زەرورەت، یەکێتی و هەمەکیی پێکدێت و لەمەنتیقی مادیدا، باسەکان بەجیهانی جەستەکان و بـابـەتـی ناسینەوە گرێدەدرێن. لەئنۆلۆژی فۆرمەکیدا لـە نـێـوان شـتـەکـانـدا پـەیـوەنـدی ڕاستکردنەوە و بڕیاردان سازدەبێت، و لەنێوان ئۆنتۆلۆژی فۆڕمەکی و ئۆنتۆلۆژی مادیدا، زنجیرەیەک ڕیسا هەیە و لەڕێگەی ئەم ڕێسایانە و لە سەر بنەمای ئەم ڕێسایانە دوو شێوە ئۆنتۆلۆژی پەیوەندی ساز دەکەن. یەکێک لە گرنگترین ڕیساکان، ڕێسای پێشیانەیە(aprior). بە بۆچوونی هۆسرێل کانت لە یەک خستنەوەی هەست و عەقڵدا نەیتوانی بە چڕو پڕی سەرکەوتن بەدەس بێنێ، بەڵام کانت بابەتێکی گرنگی دۆزییەوە، ئەنانەت بۆ خۆیشی لە بەهاکەی ئـاگـادار نـەبـوو، ئـەم دۆزیـنـەوەیـە چەمکی (apriori)یان پێشیانەیە.

بەڵام بۆچوونی هۆسرێل ئەوە بـوو، وێنایەکە کانت لە ئاپریۆری (پێشی) هەیەتی فۆرمەکی بووە، بەڵام کاتێ کێشەکە چارەسەر دەبێت، ئـاپـریـۆری بـەرەو ئـەزمـون هانی بدەین و لەسەر ئەزمون بگرسێنەوە. هۆسرێل باوەڕی بە ئاپریۆری مادیی بوو، گەرچی ئاپریۆری لە بیرۆکەی کانت دا فۆڕمەکییە و بەس. مەبەست لـە ئـاپـریـۆری مـادیـی، واتــە ئەو ئاپریۆرییانەی پەیوەندی بە مادەی ناسینەوە هەیە. کاتێ مرۆڤ بابەتێ، یـان خـود شتێک ئەزمون دەکـات، ئەم ئەزمونە لە پانتای ژیانیدایە. بۆ نمونە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە لە چەمکی قورس بوونی جەستە و بەربوونەوەی جەستە تێگەیشتووین، پاشان لە فیزیادا فێر بووین کەجەستە، یان بەردێک بەهۆی قورس بوونی بەر دەبێتەوە.

کەواتە منداڵ، قـورس بوونی جەستە لە فیزیادا فێرنەبووە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئاپریۆری دەیناسێتەوە، هەڵبەت پێش تر ئاماژەمان پێکرد ئەم ئاپریۆرییە فۆڕمەکی نیین، بەڵکو مادیین. بۆنمونە دەنـگ، ڕەنـگ، قورسایی و لەو جۆرە شتانە مادین، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئاپریۆرین، کەواتە ئۆنتۆلۆژییە مادییەکان لە ڕێگەی ئاپریۆریی مادییە وە پێکدێت. ئـاپـریـۆری مـادیـی لـەم روانـگـەوە ئاپریۆرییە پێش فۆڕمووڵبەندیی زانستیانە لە لای من هەبێ. نمونەکەی هۆسرێل دۆزینەوەی یاسای ڕاکێشان لەلایەن نیۆتنە. پێش ئەوەی نیۆتن ئەم یاسایە بدۆزێتەوە مرۆڤ هەزاران جار ئەم یاسایەی ئەزمونکردووە و بەربوونەوە و یاسای ڕاکێشانی ناسیوە. لە ڕاستیدا نیوتن لە ڕێگەی فۆڕموولی بیرکارییەوە یاسای ڕاکێشانی ئاراستە کردووە، نەک ئەوەی کەشفی کردبێ، کەواتە ئاپریۆری مادیی ئێمە لە ڕێگەی ئەزمون و ژیان بەسەر بردن مسۆگەر دەبێت.

## ئەزمونی پۆزێتیڤ و ئەزمونی ژیاو

به بۆچوونی دێڵتی دوو شێوە ئەزمونمان هەیە :

1ـ ئەزمونی زیندو یان ئەزمونی ژیاو.

2ـ ئەزمونی پۆزێتیڤ.

ئەزمونی پۆزێتیڤ لە ڕێگەی ئاقیگاوە مسۆگەرە، بەڵام ئەزمونی زیندوو یان ئەزمونی ژیاو، ئەزمونێکە مرۆڤ تێدا دەژیی. جیاوازی نێوان ئەم دوو ئەزمونە دەگەڕێتەوە بۆ بوونناسی فۆڕمەکی و بوونناسی مادیی، کەواتە ئەزمونی مادیی و ئەزمونی فۆڕمەکی لە ڕاستیدا جیاکردنەوەی نێوان ئەزمونی زیندوو و ئەزمونی پۆزێتیڤە.

هۆسرێل دوو وشەی ،(Noesis Noeme) لێک جیا دەکـاتـەوەە. مەبەست لــە(Noises) تێگەیشتنە، بەڵام مەبەست لە (Noem) بابەتی تێگەیشتنە. دیـارە لە ئاگامەندیدا ڕەوتـــی کـی هـاتـووچـۆ هـەیـە و ئاگامەندی «پەیوەندی» سازکردنە لە نێوان( Noeme و Noesis) و

سەرچاوەی ئاگامەندی بریتیە لە پەیوەندی نێوان تێگەیشتن و بابەتی تێگەیشتن ، واتە تێگەیشتن بە بێ بابەتی تێگەیشتن مانای، نییە

لەڕاستیدا ڕەوتێکی(Noemetic - Noesis) لە ئارادایە، واتە تێگەیشتنێک هەیە، سەرەڕای ئەوەی، کە بۆ خۆی بابەتی تێگەیشتن ساز دەکات. نیەتمەندی لە سەر بابەتێک دا هەمان ئاگامەندییە. لە ڕاستیدا پەیوەندی( Noemetic ـNoetic) بریتیە لە پەیوەندییەکی نیەتمەندانە و ئاگامەندی لەم نیەتمەندییە (intentionality)پێکهاتووە. بۆ نمونە هەر کە سەرنجی کتێبێ دەدەین بە سەبارەت بەو کتێبە ئاگامەندیمان بۆ ساز دەبێت، هەر بۆیە ئاگامەندی بەدەر لەم پەیوەندیانە بوونی نییە بۆ چوونی هۆسرێل سەرچاوەی ئاگامەندی بریتیە لە پەیوەندی نێوان تێگەیشتن و بابەتی تێگەیشتن ، واتە تێگەیشتن بە بێ بابەتی تێگەیشتن مانای، نییە، کاتێ پەیوەندی نێوان تێگەیشتن و بابەتی تێگەیشتن ساز دەبێت لە نێوان بابەتی تێگەیێنراودا نیەتمەندییەک ساز بێت. گەر وابێ ئاگامەندی بەردەوام، ئاگامەندی لە «of» شتێکە یان ئاگامەندی بەرەو«to» شتێکە، واتە ئەگەر ئامرازیی پەیوەندی لە ئاگامەندیدا بسڕێنەوە، ئاگامەندی هیچ شتێکی لێناوەشێتەوە، کەواتە چەمکی «خۆ» ی بەتاڵ و خاڵی بوونی نییە، بەڵکو خۆ پڕە لەو پەیوەندیانەی لە هەناویدایە و بابەتی تێگەیشتنە، گەر وابێ ئاگامەندی لە ناوەزیندایە. لە ئەنجامدا هۆسرێل لە ڕێگەی جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە شەووده، هەروەها مەنتیقێکە هەر دوو لایەن ئاراستەی دەکەن، و سازدانی هەندێ بنەمای وەک ئەسڵی ئاپریۆری پردی پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو مەنتیقەدا ساز دەکات، ئەم مەنتیقەش چ نییە جگە لە پەیوەندی سازکردن، واتە هەمان نیەتمەندی لە ناو بابەتەکانی ئاگامەندیدا، کەواتە ئاگامەندی پەیوەندی نێوان بووناسی فۆڕمەکی و بووناسی مادییە.

گەر وابێ، ئاگامەندی ڕەوتی نێوان دوو جەمسەرە. ئاگامەندی و نیەتمەندی جۆرێک لە کردە و چالاکییە وکارتێکراو و ناچالاک نییە، واتە مەبەست ویست و ئیرادەیەکی بە پشتەوەیە.

گەرچی هۆسرێل ، لە سەرەتادا هیومی بیر دەکاتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا، ئاگامەندی وەک یەک چاو لێدەکات. لە ڕوانگەی هۆسرێل دا ، ئاگامەندی کردەی پەتییە و لە وشەی نیەتمەندی (intentionality) سەرچاوەی گرتووە. پۆزێتیڤیستەکان پێداگریان لەوەدەکرد زانست لە ڕێگەی ئەزمونێکی پۆزێتیڤەوە دەستپێدەکات. هۆسرێل دژ بەو هەڵوێستەی ئەوان بانگەشەی کردووە، کوا ئەزمونی پۆزێتیڤ، لە بەرانبەر ئەزمونی زیندو یان ژیاودا لاوەکییە و جۆرێک بەلاڕێدا چوونە. ئاپریۆری هۆسرێل لە ڕەگەزی وێناکان نییە، بەڵکو لە ڕەگەزی پێدراوەکانی ئەزمونی زیندوو یان ژیاوی ئێمە دایە. بەم هۆیەوە هاوردە(Given) و فۆڕمەکی نییە، کەواتە ئەزمونی ژیاو، ئاپریۆریی دێنێتە ئاراوە.لە ڕاستیدا ئیشی هۆسرێل لە بواری ئاپریۆریدا تێکدانی بۆچوونەکانی کانتی لێدەکەوێتەوە. کانت پێداگری لەو ە دەکرد کە ئاپێریۆرییەکان لە ڕاستیدا داڕشتنێکی ناو زەینن و لە ڕێگەی دەرکەوتن لەگەڵ ئەزموندا چالاک دەبن. هۆسرێل دژ بە هەڵوێستی کانت سەبارەت بە ئاپێریۆرییەکان دەوەستێتەوە و ئاپریۆری فۆڕمەکی ئەو توانایەن، کە زهین خۆی لە خۆیدا سازی کردوون. بەشێک لەم توانایانە دەگەڕێنەوە بۆ ئاگامەندی تاکەکەسی و بەشێکی دیکەیشی دەچنە ڕیزی ئاگامەندی کۆیی.لە ڕاستیدا «جیهان ژیانی» هۆسرێل باسێکی دیکەی هەیە بە ناوچەیی«Region»ناوزەدیی کردووە. بە بۆچوونی هۆسرێل ، ئانتۆلۆژی دەبێتە هۆی ئەوەی ناسینە مادیی و فۆڕمەکییەکانی ئێمە لە ناوچەگەلێکی دیاریکراودا جێگیر بن. ئەم بۆچوونە دواتر لە زانستەکانی دیکەی وەک جۆگرافیا و... کاریگەری داناوە. لە کتێبی «بڕیار و ئەزمون» کە پاش مەرگی هۆسرێل لە چاپدرا ، هەروەها کتێبی «ئایدیاکان» هەوڵی ئە بوو تا ئەم باسانە لێکبداتەوە. لە ڕاستیدا، هەروەک باسمان کرد ئاگامەندی چ نییە جگە لە پەیوەندی و لە بنەڕەتەوە کردەیە و دوو خسڵەتی هەیە :

1ـ پێکهێنان 2ـ ئایدیا بەخشین(شێوە یان خود ناوەڕۆک بەخشین).

خسڵەتی یەکەم : لە ڕاستیدا پەیوەندی نێوان تێگەیشتن و بابەتی

ئێگەیشتنی مەبەستە، واتە ئاگامەندی هەمان پێکهێنانە، گروپێک لە دیاردەناسەکان پێداگری لە خسڵەتی یەکەم دەکەن. ئەوان هەوڵدەدەن چۆنییەتی میکانیزمی پێکهێنان لێکبدەنەوە، هەر بۆیە بەرەولای باسەکانی دەروونناسی هەنگاویان نا، ئەم ئاقمە بە گشتی لایەنگری تیۆری گەشتاڵتن، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دژ بە هەڵوێستەکانی پیاژە دەوەستن . پێکهێنان تا ئەو ڕادەیە بۆ ئەمان گرنگە و بایەخی پێدەدرێت، لە بەرانبەر سەرجەم خسڵەتەکانی ئاگامەندیدا وەک ئایبەتمەندییەک بووەستێنەوە. کردەی پێکهێنان، باس لەو دیاردانە دەکات لە شەوودی هەستەکیدا یان هەستکردندا دەرکەوتووە. ئەم پێکهێنانە لە ڕێگەی ئاپریۆری یان(پێشیەکان) و تۆتۆلۆژییە فۆرمەکی و مادییەکان لە سەر بنەمای پرۆسەی فۆرم بەخشین، یان زات بەخشین بە ئاگامەندی پەیوەندی ساز دەکات. ئەم بۆچوونە نەبووە هۆی ئەوەی، وشەی نۆمێنالێست بدەنە پاڵ هۆسرێل .

ئەمەش لە حاڵێکدایە نۆمێناڵیستەکان، ئەزمونخوازەکان، زاتگەرانین و لە جیاتی بابەتە هەمەکییەکان بایەخ بە بابەتەهەمەکییەکان دەدەن. هۆسرێل بۆ خۆی جاروبار باسی لە ئەزمونخوازیی بەرزەجێ کردووە، و مەبەستیشی لەم ئەزمونە، ئەزمونی ژیاوە. بۆی هەیە ئەزمونی ژیاو بەرزەجێ بێ، بەڵام ئەزمونی پۆزێتیڤ لەم بازنەیەدا کۆ نابێتەوە. لە پرۆسەی فۆرم بەخشین، یان خود زات بەخشین دا، فۆرم بە دیاردەکان دەبخشرێت و ئەمەش لە ڕاستیدا ئەوە دەگەیەنێ فۆرم بەخشین یان زات بەخشین بەردەوام لە ڕێگەی عەقڵەوە بە دیاردەکان دەدرێت. شەوودی ئایدێتیک لەگەڵ فۆرم بەخشین یان زات بەخشیندا یەکدەکەونەوە و هاوکات و لە یەک ئان و ساتدا سەر دەگرێت، بەڵام لە پێگەی باسکردنیاندا لێک جیادەبنەوە ، هۆسرێل ڕێئالیزمی سادە یان خاوەی فۆرمەکی سڕییەوە و لای وا بوو جیهانی دەرەکی سەربەخۆ لە پاڵنەرەکانی ئێگەیشتنی من نین، بەڵکو من ڕووبەرووی ئەو فێنۆمێنانە دەبمەوە، کە فۆرمە عەقڵییەکەی لە مێشکمدا بناغەی داڕشتووە. ئەنجامەکەی ئەوەیە، کەسەکە چالاکە نەک ئەوەی کار ئێکراو بێت. لە پرۆسەی فۆرم بەخشینی عەقڵانیدا، شتەکان زاتیان پێدەدرێت، بە دەربڕینێکی تر لە پرۆسەی دیاردەناسی زاتدا شتەکان دروستدەکرێن، نەک ئەوەی کەشف بکرێن. هەڵبەت ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هەلوومەرجی فێنۆمێنەکە لە خۆیدا، چونکە ئەو پەیوەندییانەی لە ڕێگەی دیاردەکانەوە پەیدەگەین بابەتەکە ساز دەکەن و بە ناوی زاتێک، یان خود ناوێک کۆ دەبنەوە، هەر بۆیە ناو دەرکردنی گەشتاڵت بە بۆچوونی ئەم دیاردەناسانە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە، بۆئەوەی ئەم تیۆرییە پەیوەندی شتەکان لە فۆرمە هەمەکیەکەیدا ڕەچاو دەکات.

لە ڕوانگەی هێگڵدا، زات بریتیە لەو یەکێتییەی کە لە ڕێگەی زۆرینەوە سەرهەڵدەداو یەکێتی ئەزمونی نییە و لە عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت.

پێشتر ئامەژەمان پێدا، دیاردەناسی لایەنگری لە ڕەسەنایەتی پەیوەندی کردووە و زاتیش لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییەوە پێناسەی لەسە ر دەکرێت. ئەمەش مانای ئەوەیە زات بریتیە لە پەیوەندی، کەواتە پرۆسەی فۆرم بەخشین، یان زات بەخشین بە شتەکان و مانادان و ناو نانی شتەکان هاوکات پێکەوە بە ئەنجام دەگات، و بەم شێوەیە شتەکان لە جیهانی ئاگامەندیدا شوناسێکی سەربەخۆ پەیدا دەکەن. زانستی پۆزێتیڤ و زانستی مرۆیی لە بنەڕەتەوە بەم لایەنەوە سەرقاڵە. خولیای هۆسرێل لێکدانەوەی ساینسە. هۆسرێل زانست بەرەو لایەنی ئایدیاێتیک هاندەدا و لایەنی ئەزمونی لێدادەماڵێ. فۆرم بەخشین لە تواناکانی زانستی ئێمپریک نییە، چونکە ئەم زانستە (ئەزمونی) زۆرینە خوازە. هەر بۆیە بە بێ زات ناتوانێ ئیش بکات. گەروابێ سەرجەم زانستەکان ، زانستی بیرکاری و زانستی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵ بێ لە ڕێگەی زاتەکان ئیش دەکەن، کەواتە فەلسەفە شەرافەتی بە سەر سەرجەم زانستەکان هەیە، بەهۆی ئەوەی فەلسەفە پتر لە هەر زانستێکی تر خۆی بە زاتەوە سەرقاڵکردووە. لە قۆناغی دووەمی دیاردەناسی هۆسرێل دا، باس لە زانستی زاتخوازانەیە. ئایدۆس فۆرمێکی عەقڵانییە کە لە جیهانی بەرزە جێدایە، هۆسرێل ئەم وشەیەی لە ئەفلاتون وەرگرتووە. گەرچی هەڵوێستەکەی ئەفلاتوونی نییە. لە ڕوانگەی هۆسرێلدا ئایدۆس لە ئەزمونەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو لە میکانیزمی تۆتۆلۆژی فۆرمەکی و لە ڕێگەی شەوودی ئایدێتیکەوە دەپرژێتە ناو پێدراوە هەستەکییەکان، هەر بۆیە هۆسرێل بناغە دانەری ئەزمونگەرایی بەرزەجێیە. ئەزمون لای هۆسرێل ئەزمونێکی پۆزێتیڤ نییە، بەڵکو ئەزمونێکی زیندو و ژیاوە. ئەزمونی پۆزێتیڤ بابەتێکی دەرهەستە و بە کەسێکی ئایبەتەوە گرێبەتخواردووە، هەربۆیە چاودێرێکی بێ لایەنە، بە شێوەیەکی یەکسان هەموو کەس

دەتوانن کەڵکی لێوەرگرن و پێوەرێکی دیاریکراوی هەیە. ئەم ئەزمونە لە زانستی سروشتی و ئەزموونیدا کەڵکی لێوەردەگیردرێت. هۆسرێل دەیەوێ ئەزمونی پۆزێتیڤ بگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی ئەزمونی زیندو، ئەزمونی زیندو داهێنانی هۆسرێل نییە. پێشتر گەورە بیرمەندانی ئایدیالیزمی ئاڵمانی باسیان لە ئەزمونی زیندوو کردووە. بۆنمونە هێگل، ڕۆمانتیسئەکان و دیڵتی، ئاوڕیان لە ئەزمونی زیندوو داوەتەوە و بایەخیان پێداوە. ئەزمونی زیندوو، یانی ئەزمونی ئەو مرۆڤەی لە ژیانی ڕۆژانەیەوە سەرچاوە ی گرتبێ.

ئەم ئەزمونە فەننی نییە و مانایەکی ئەکنیکی و زانستی نییە، بەڵکو جۆرێک ئەزمونی پەروەردەیی و کلتوری ڕۆژانەیە. کاتێ باس لە ئەزمونی زیندوو دەکەین، بە شێوەی ئەزمونی زانستی خۆی دەردەخات، هەربۆیە هۆسرێل کەشفی یاسای ڕاکێشانی لە لایەن نیوتن شیکردوەتەوە، بە بۆچوونی ئەو ئەم یاسایە دەکەوێتە پاش ئەزمونە زیندووەکانی مرۆڤ و باس لە قورسی شتەکان و بەربوونەوەیان دەکات، ئەمەش پۆلێنبەندییەکی ئایەتە و لە ڕێگەی زانستەوە جیبەجێدە بێت. لە ڕاستیدا ئەم ئەزمونە زیندوانە ئاپیریۆری و مادین هێشتا پۆلێنبەندی نەکراون و لە ڕێگەی زانستی نوێوە زاتیان پێنەبەخشراوە، کەواتە زانستی نوێ، ئەزمونی زیندوو بە شێوەیەکی دەرهەست پۆلێنبەندی دەکات و بەرگی پێویستی و هەمەکیان بە بەردا دەکات و ئەوانە بە شێوەی یاسا دەردێنێ. یاسا دارشتن ئیشی زانستە، ئەزمونخوازێکی وەک هۆسرێل لە کۆتاییدا لە سەر شێوەیەک ئەزمونخوازیی مێژوویی و کلتوری دەگیرسێنەوە و تا ڕادەیەک لە هێگل نزیک دەبێتەوە. گەرچی لە سەرەتادا کارەکەی تا ڕادەیەک دەروونناسیانەیە و کاریگەری هیوم و برینتانۆی پێوە دیارە. سایکۆلۆژیزم، بەو جۆرەی کە باسمان هێنا وادەردەکەوێ لە بۆچوونی هۆسرێل دا پووچەڵدێتەوە، بەڵام سایکۆلۆژیش ڕەتناکاتەوە، هەر بۆیە هۆسرێل فینۆمێنۆلۆژی بە ناوی سایکۆلۆژی وەسفی لەسەر دەکات. وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد، سایکۆلۆژی لە بیرۆکەی هۆسرێلدا ڕهەندیکی سەردەمیانەی نییە. سایکۆلۆژی لە ڕوانگەی فەیلەسوفەکانی سەدەی نۆزدەیەم و بە تایبەت هۆسرێل هاوسەنگە لەگەڵ وشەی ئاگامەندی، کەواتە سایکۆلۆژی وەسفی لێکدانەوەی خسڵەتە دەروونناسیەکانی مرۆڤ و زانستیش نییە. کارێکی لەم چەشنە ئایەتە بە زانستێکی پۆزێتیڤیستی، بەڵام هۆسرێل دژ بە زانستی پۆزێتیڤ جووڵایەوە. سایکۆلۆژی لە ڕوانگەی هۆسرێل مانای دەروونناسیانەوە بە شیوەی ئیبن سینا و ئاکۆییناسی نییە، چونکە ئەوان لایەنگری ڕەهەندێکی مێتافیزیکین. برێنتانۆ و هۆسرێل پێکەوە سایکۆلۆژی لە مانای ئاگامەندی زانیندا بە کار دێنن، بەڵام جیاوازیی ئەم دوو بیرمەندە لەوەدایە برێنتانۆ بنەماکەی لە ڕێگەی سایکۆلۆژییەوە دیاریکرد، هەروەها مەنتیق و بیرکاریشی لە ڕێگەی دەروونناسیەوە ئەفسیر دەکرد، بەڵام هۆسرێل بەهۆی ئەوەی، فرێگە وشیاری کردبوو لەم کارە پاشگەز بووەوە. هۆسرێل سەرەڕای ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ پرسیارە سەرەکییەکانی خۆی و هێرش دەکاتە سەر پۆزێتیڤیستەکان.

**کێشەی هۆسرێل : لێکدانەوەی فەلسەفە وەک زانستێکی وردبینانە**

کێشەی هۆسرێل گۆڕینی فەلسەفەیە بەرەو زانستێکی سەرڕاسە و ئەم کارەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە فەلسەفە ببێ بە مەلەکەی زانستەکان و ئاوێی پاکی بە سەر بانگەشە پۆزێتیڤیستەکان بڕژێنێ و لە ئەنجامدا زانستی پۆزێتیڤیستی لە قەیران دەرباز بکات. زانستی پۆزێتیڤیستی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدەیەم کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانیی دووهەم تووشی قەیرانی شۆناس بووتەوە. هۆسرێل هەوڵی دەدا فەلسەفە وەک زانستێکی بنەڕەتی چاولێ بکات و بە بەردی بناغەی زانستەکانی دیکە داینێ. ئەم زانستە خاوەن میتۆد و بابەت و جیهانە.

هۆسرێل لەهەوڵی ئەوەبوو فەلسەفە بە زانستی یان ساینس بکات، چونکە لە بیرۆکەی مۆدێرنیتەدا لەلایەنی زانینەوە گەر بابەتێک سایەنس نەبێ شیاوی ئەوە نییە بایەخی پێبدرێت. ئێۆلۆژی بەهۆی ئەوەی کانت سەرنجی ئەوتۆی پێنەدا، ساینس نییە، ئایا فەلسەفە توانای بە زانستی بوونی هەیە بێ بە ساینس؟ ئەمە پرسیاری زۆرینەی فەیلەسووفە مۆدێرنەکانە. کتێبی «سەرەتاکان»ی کانت، سەرەتایەکە بۆ هەر مێتافیزیکێ بیەوێ خۆی بە شێوەی ساینس دەربێنێ. وڵامی «ئاگۆست کۆنت» و پۆزێتیڤیستەکان لەسەر ئەم پرسیارە نەرێیانەیە. وەڵامی هۆسرێل پۆزێتیڤە و لای وایە فەلسەفە دەبێ بە زانستێکی پۆزێتیڤ. ساینس، پێویستی بە میتۆدە، هەربۆیە بە بۆچوونی هۆسرێل میتۆدی فەلسەفە میتۆدێکی دیاردە ناسیانەیە.

## لایەنەکانی بە کارهێنانی فەلسەفە : ژیانە جیهان

پێویستە زانست خاوەن لایەنێکی بەکارهێنان یان کردەکی بێ، زانست ئەبێ لە جیهاندا بۆ کەشف یان وەسفی یاساکانی جیهان بە کار بهێنرێت. فەلسەفە بۆ ژیانە جیهان بەکاردێت. هۆسرێل ژیانە جیهان بە دوو شێوە بە کاردێنێ. یەکیان گشتی ترە لەوەی دیکە. مانەیەکی ژیانە جیهان ئەوەیە، لایەنێکی مێژوویی و کلتوریی مرۆڤانەی هەیە و ئەویدی جیهانێکە مرۆڤ ژیانی تێدا بەسەر دەبات و سەرجەم هەڵسووکەوتەکانی مرۆڤ لەم دونیایەدا چالاکن.

جیهانی پۆزێتیڤی زانستەکان، جیهانی «ئێستانداردەکانی لە پێش دیاریکراوە و ئەم جیهانە دەرهەستیشە، بەڵام پلەو پێگەی جیهانی ژیان، هێندەی پێداویستییەکانی مرۆڤە و ئەم پێداویستیانەش دەتوانن رامیاری، کلتوری، زانستی و...، بێ. ئەتانەت زانستە پۆزێتیڤەکان لە پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤەکانە. ژیانە جیهان ، جیهانی راستیە مرۆڤە ییەکانە، بەڵام زانستە پۆزێتیڤیەکان پلە و پێگەی ئەم راستیانە دەسڕنەوە. فەلسەفە بە ژیانو جیهانەوە نووساوە. بەشێک لە ژیانە جیهان لە زانستەکان پێکهاتوون، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە زانست پەل بەسەر ژیاندا بگرێت. فەلسەفە، وەسفی یاساکانی ژیان دەکات و باس لە هەمەکی بوونی ئەم ژیانە دەکات. ئەمەش لە حاڵێکدایە زانستەکانی دیکە لایەنێکی بچووکی ئەم ژیانە لەبەردەگرن. پێش هۆسرێل وشەی « ژیانە جیهان » لە نەریتی ئاڵمانیدا لە لایەن رۆمانتیستەکان، هەروەها دێڵتی و هێگل کەڵکی لێوە وەرگیردراوە.

## بابەتی فەلسەفە : ئاگامەندییە

بە بۆچوونی هۆسرێل بابەتی فەلسەفە ئاگامەندییە. فەلسەفە هەر وەک رۆحێک کەشی ئاگامەندی ئەنیوەتەوە وهەل بۆ زانستەکانیتریش دەرەخسێنێ. هەندێ لە بەش و شێوازەکانی ئەم ئاگامەندییە، فۆرمگەلێکی زانستی پۆزەتێیڤ بە خۆوە دەگرن. پێشتر ئاماژەمان پێکرد پرسی سەرەکی هۆسرێل گەڕانەوەی فەلسەفە بۆ باوەشی زانستێکی وردبینانەیە. هۆسرێل لە «ڤیەندا» وتارێکی خوێندەوە و بە چڕوپڕی باسی لە سەر ئەم پرسیارە کردبوو. لە راستیدا هۆسرێل باسی لە ئاگامەندی لەسەرجەم بەرهەمەکانیدا کردبوو و میتۆدی دیاردەناسی، وەک میتۆدی پێکهێنان و چالاکی ئاگامەندی لەقەڵەمدابوو ، هەروەها ئەم ئاگامەندییە لەگەڵ گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ژیانە جیهان یەکدەگرنەوە. ئەم پلانە خۆیان لە دوو هێڵدا نیشاندەدەن

1- هێڵی ئاسۆیی : لەم هێڵەدا مێژو و کلتور سەرهەڵدەدەن و پەرەدەسێنن

2- هێڵی ستوونی: لەم هێڵەدا هۆسرێل بۆچوونە سروشتیەکان هەڵدەپەسێرێ واتە ئێپۆخەی دەکات.

دواتر دیاردەگەلێکی وەک شەوودی هەستەکی یان هەستکردنە سەر هەڵدەدەن و هۆسرێل ، لە رێگەی داهێنانی ئاپریۆریە مادییەکان ئەم دیاردانە دەگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی ئاگامەندی، لەم سەروبەندەدا مادەی زانین لە ئەزمونی زیندودا مسۆگەر دەبێت، دیاردەناسی، ئێپەڕین لەم ئۆنتۆلۆژییە، ئۆنتۆلۆژی لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی هۆسرێلدا وەک ئوێژینەوە مەنتیقییەکان مانایەکی مەنتیقی هەیە و لە بەرهەمەکانی دوایدا مانایەکی فەلسەفی بەرزەجێی (Transcendental philosophy) پێدەدا، ئەمەش مانای هەبووناسی ناگەیێنێ، چونکە هەبوون لای هۆسرێل دیاردە و دەرکەوتەیە(appearance). بەبۆچوونی هۆسرێل کەشف «دۆزینەوە» لە زانستدا مانای لە قاڵب دارشتنی نوێ دەگەیەنێ، نەک ئەوەی لە جیهانی شت لە خۆیدا یان «نۆمێنەدا» خۆی دەربخات.

جیهانی فێنۆمێنی کانتی لەسەر ئاگامەندی دامەزراوە. عەینی بوونی زانست کە لە بۆچوونەکانی کانتدا دەسەلمێندرێ مانای لە خۆدا بوون ناگەیێنێ، بەڵکو فێنۆمێناڵە، واتە زەینی مرۆڤە چوارچێوەیەک لەم چەشنە بۆ دارشتن ئاراستە دەکات. لە راستیدا دۆزینەوەی زانستی دەرهاویشتنی ئاگامەندییە و لە ناخی ئاگامەندی مرۆڤەوە سەرهەڵدەدا، واتە فێنۆمێناڵە. بانگەشەی زانستی پۆزێتیڤ ئەوەیە سەرڤاڵی ئەزمونە و زاتخوازیش نییە.

هۆسرێل هیچ کام لە بانگەشە و بۆچوونانە پەسەن ناکات و لای وایە زانستەکان زاتخوازن، واتە لە ناخی هەر زانستێکدا باس لە زاتی ئەو زانستە دەکرێت. زات لە بۆچوونەکانی هۆسرێل جیاوازە لەو زاتەی، کە ئەرستۆ باسی لەسەر دەکات. زات لە فەلسەفەی ئەرەستۆ و سەدەکانی ناوەڕاست و لاهووتی ئیسلامدا بابەتێکە لە خۆیدایە و نۆمێنەیە، بەڵام لە فەلسەفەی هۆسرێل دا دیاردەن و لە ناوەوە بەرە و پیدراوە هەستەکییەکان پەلدەکێشێ، نەک ئەوەی لە دەرەوە بێت، کەواتە فێنۆمێنۆلۆژی هۆسرێل لە راستیدا زات خوازانەیە، و جیاوازی ئەو لە فێنۆمێنۆلۆژیدا کوت و مت دەگەڕێتەوە بۆئەوەی فێنۆمێنۆلۆژیستەکان،

دژەزانخوازن، بەڵام هۆسرێل زانگەرایە.

زانا لە فەلسەفەی هیگلدا برینییە لە پەیوەندی ئەو شتانەی لە شەوودی هەستەکی، یان هەستکردندا دەردەکەوەن و لە ئەزموندا بە تەواوی دەردەکەون.

چەمکی «مێزەکەی بەردەممان» لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان دیاردەکان دابیندەبێت، بۆ نمونە ئاژەڵەکان خۆیان لە قەرەی چەمکی ئاسمان نادەن. لە ڕاستیدا چەمکی ئاسمان پەیوەندی نێوان کۆمەڵێ لە دیاردەکانە. ئەم دیاردانە لەپانتایی ئاگامەندیدا دەردەکەون، کەواتە پەیوەندی سازکردن لە تایبەتمەندییەکانی ئاگامەندی مرۆڤە. یەکخستنەوەی زۆرینەکانە، لە ڕێگەی بەڵگە هێنانەوەی پێوانەییەوە بە ئەنجام دەگات، بەڵام ئەمە لە جیهانی نۆمێنەدا جێبەجێ نابێ، بەڵکو لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان دیاردەکان و لە ڕێگەی تێگەیشتنەوە مسۆگەر دەبێ، کەواتە زانی دیاردەکە لە ڕێگەی شت لە خۆیدا دابین نابێ، کەواتە ئۆنتۆلۆژییە فۆرمەکییەکان دیاردەکان پۆلێنبەندی دەکەن. لە ئەنجامدا بنەڕەتی زانەکان پێکدێت و لە لایەنی جۆراوجۆردوە بناغەیان ڕشتووە و زانستی زانی وەک : کیمیا، فیزیا و... سەرهەڵدەدەن، کەواتە ئەم زانستانە لە فەلسەفە جیا نابنەوە، بەڵکو لە ناخی ژیانە جیهان و لە ڕێگەی ئەزمونی ژینکراوی پەیوەندیدار بە فەلسەفەوە سەرهەڵدەدەن، کەواتە فیزیا لە ڕێگەی ئاگامەندییەوە تەفسیر دەکرێ و ئەمەش ئەرکی سەرشانی فەیلەسووفە، گەر فیزیا زانەکان ئەم کارە جێبەجێبکەن، ئەوسا دەبن بە فەیلەسووف، کەواتە بە بۆچوونی هۆسرێل فەلسەفە و زانست، نەیار و دوژمنی یەک نین. زانست بە بێ پلە و پێگەی فەلسەفی دەوامی نابێت، بۆیە هایدیگەر وتەنی : زانست بە بێ فەلسەفە کوێرە. لە ڕاستیدا شێوەیێ لە ئاگامەندی فەلسەفی سەرهەڵدەدا. دیاردەناسی هۆسرێل ، فەلسەفە وەک خانووێکی بنەڕەتی وەسفی کردووە و لە ناو هەر کام لەم هۆدانەدا، چەن هۆدەی بچووک هەن و پۆلێنبەندی کراون. لە هەر کام لەم هۆدانەدا زانێ سەرهەڵدەدا. گەشەکردنی زانست لە دەرەوەی ئاگامەندی مرۆڤدا واتە (دەرەوەی هۆدە یان خانوو) جێبەجێ نابێ، بەڵکو لە چوارچێوەی کلتور و مێژووی مرۆڤدا سەردەگرێت. کلتور و مێژووی مرۆڤ، لە زانی ئاگامەندی مرۆڤ پێکهاتووە. ئاگامەندی مرۆڤ ڕووت و دەرهەست نییە. (لە بیرۆکەی هیگل، هایدیگەر و هۆسرێلدا)، تا ئەو کاتەی ئاگامەندی فۆرمێکی مێژوویی و کلتوری وەرنەگرێت لە ئەساسدا ئاگامەندی نییە. مرۆڤ لە ئاگامەندی خۆیدا بە مرۆڤ دەبێ، ئەمەش لە کاتێکدایە، ئاگامەندی فۆرمێکی مێژوویی و کلتوری بگرێتە پێش.

## زانستی زانخوازانە

هۆسرێل لە دەیەکانی سەدەی بیست لە وتارەکانی «کیزۆدا» باسی لە تایبەتمەندییەکانی کلتوری ئەوروپی کردووە و کلتوری ئەوروپی وەک زانی مۆدێرنە ناساندووە و پەرەی پێداوە و وەک هۆکاری گەشەکردنی کولتوری مرۆڤ چاوی لێکردووە. مەبەستی ئەو لەم وتارانەدا ژاپۆنییەکان بووە، لە کتێبی «قەیراندا» لەم جۆرە قسە و باسانە کردووە، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە، گوێگرانی ئەو لەم کتێبەدا جەماوەرن، کەواتە لە زانستە زانییەکاندا بەم جۆرەیە، زانستی «تا» بەهۆی ئەوەی زانستی «تا»یە پەیوەندی نێوان بابەتەکان بەشێوەیەکی تایبەت سازدەکات و لەڕێگەی پشت بەستن بەم پەیوەندییانە زانە جۆرواجۆرەکان لەڕێگەی زانەکانەوە ساز دەکرێ و زانست سەردەگرێت، کەواتە گرتنە بەری هۆیستی نۆمێنە لە زانستە پۆزێتیڤەکاندا هەڵەیە و ئێمە بە ژیانە جیهان و بابەتە دیاردەییەکانەوە سەرقاڵین. زانستیش دەکەونە لایەنی دیاردەییەوە و هەر بۆیە زانخوازن، چونکە زانا لە زەیندا سازدەبێت. سەرەڕای ئەوەی زانا، جۆرێک لە پەیوەندی گرتنە، ئاگامەندی لە ناوەڕۆکدا پەیوەندییە، واتە نییە ئەمەندییە و ئاوڕدانەوە لە بابەتێکە خۆی بە ئیمە نیشان دەدات. هەڵبەت ئەم وشەیە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە، بەڵام تا ئەو جێگەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەیە، برێنتانۆ لە سەدەی نۆزدەیەمدا بایەخی بە «نییە ئەمەندی» داوە و قوتابییەکانی هۆسرێل پەرەپێدەری ئەم بابەتە بوون. لە بۆچوونی هۆسرێل دا، ئاگامەندی هەمان نییە ئەمەندییە. ئەو باسانەی کە لە وەسفی ئاگاماندی و میکانیزمی ئاگامەندی باسکران لە پێگەی ئیۆریدایە. ئەمەش لە حاڵێکدایە، لە پێگەی کردەدا سەرنجدان و ئاگامەندی لەیەک ئان و ساتەدا سەر دەگرێت، واتە شەوودی هەستەکی ڕوو دەدا و ئۆنتۆلۆژییە فۆرمەکی و مادییەکان چالاک دە کات و شەوودی چییەتی سەر دەگرێت. سارتەر فەیلەسوفی ئێگزیستانسیالیست لە کتێبی «بوون و نەبووندا» پێداگری لەسەر ئەم باسە کردووە و ئاگامەندی بە بەردەوام بوون لە شتێک یان پەیوەندی گرتن بە شتێکەوە دەستنیشان کردووە.

لەم بۆچوونەدا، ئاگامەندی مانای پەیوەندی دەگەیێنێ و لە ئەنجامدا ئاگامەندی بە بەردەوامی جۆرێ لە کردەیە، واتە هەمان نییەتمەندییە، کەواتە ئیرادە یان ویست دەکەوێتە پێش زانست و ئاگامەندی و بەسەریاندا زاڵ دەبێ و ئەمەش مانای ئەوەیە مرۆڤ خاوەن ویست و کردەیە .

هەر بۆیە هایدیگەر مرۆڤی نەک لە تیۆریدا، بەڵکو لە پراکتیک و کردەدا دەبینییە وە. هەندێ لایانوایە هۆسرێل ویستخوازە (Voluntarism)، کەواتە ئاگامەندی کردەیە، ئەم کردەیە جۆرێک لە نییەتمەندییە و نییەتمەندیش بەردەوام پەیوەندی بە شتێکەوە هەیە، ئەمەش خودی شتەکەیە. گەڕانەوە بۆ لای شتەکان لەگەڵ نییەتمەندیدایە، نەک ئەوەی بەهۆی کارتێکراویی و پاشگەزبوون لە شتەکە بێت. لە ئەنجامدا مرۆڤ فۆرم بە شتەکان دەبەخشێ. پاشان هایدیگەر شتەکانی بە واتای (Gathering)ناوزەد کردووە، واتە کۆکردنە و ڕیزکردنی دیاردە تایبەتەکان و پەیوەندی سازکردن لە نێوانیاندایە. شتەکان چ نین جگە لە پەیوەندییەکان.

لە ڕوانگەی هۆسرێلدا، نییەتمەندی و ئاگامەندی، زات لە ناو دیاردەکان بڵاودەکەنەوە. هۆسرێل لە کۆتایی پرۆسەی شیکردنەوەی دیاردەناسیدا، پێداگری لەوە کردووە گەر شتێک لە دەرەوەی ئاگامەندی ئێمەدا بێت ، ئاگامەندی کۆییە کە بە هاوبەشی زەینی intersubjective ناوزەدکراوە . لە ئەنجامی فەلسەفەی هۆسرێل دا، ئاگامەندی جۆرێک نییەتمەندی و بایەخدان بە بابەتێکە، گەرچی ئەم نییەتمەندییە دوو پرۆسەی لێدەکەوێتەوە :

هۆسرێل لە کۆتایی پرۆسەی شیکردنەوەی دیاردەناسیدا، پێداگری لەوە کردووە گەر شتێک لە دەرەوەی ئاگامەندی ئێمەدا بێت ، ئاگامەندی کۆییە کە بە هاوبەشی زەینی intersubjective ناوزەدکراوە

ئا) پرۆسەی پێکهێنان. ب) پرۆسەی ئایدیا (یان زات و فۆرم بەخشین ). جاروبار کە باس لە نۆمێنالیزم دەکرێت مەبەست شێوەیان فۆرم بەخشین بە دیاردەکانە و ئەم نۆمێنالیزمە بە پێچەوانەی نۆمێنالیزمێکە لە فەلسەفەی پۆزێتیڤیستی و شیکاریدا باسی لێدەکرێ، چونکە مانای ڕەتدانەوەی زات نییە، بەڵکو مانای زات بەخشین دەگەیەنێ. هەڵبەت ناولێنانی شت، یان بابەتەکان، ئەو بابەتانە بە خاوەن زات دەکات و دیارییان دەکات. ئاگامەندی لە لای هۆسرێل ، گەڕان لە «ناخی ئاکە» بەرەو«ناخی کۆیی» و دواتر ڕەنگدانەوەی ئەوجووتە لە ناخی ئاک دایە، هەربۆیە ئاگامەندی گەڕانی نوتێمل نۆتێنیک لە ناخی مرۆڤەکاندایە و هەمدیسانەوە گەڕانەوەیانە بۆ ناخی ئاکەکان و بەردەوام بەرەولای ئاگامەندی کەساتێکی تر لە هاتوچۆدایە، هەربۆیە وشەی ئاسۆ (horizon)لە فەلسەفەی هۆسرێلدا سەرهەڵدەدا، پاشان هایدیگەر و گادامێر بۆ بابەتێکی وەک، هێرمێنۆتیک کەڵکی لێوەردەگرن، بەڵام مەبەستی هۆسرێل لە ئاسۆ دەرکەوتنی «ئاستی ئاگامەندی ئێمە»یە. ئەگەر بمانەوێ ئاستی ئاگامەندی خۆم هەڵسەنگێنم، پێویستە لەگەڵ ئاستی ئاگامەندی ئەوانی دیکە پەیوەندی ساز بکەم، هەر بۆیە پەیوەندیەک لە نێوان ئاستی ئاگامەندی ئەوانی دیکەدا ساز دەبێت. هەر ئاسۆیەک جیهانێکی ژیانی لێدەکەوێتەوە و سەرجەم ئاسۆکان، جیهانی ژیان پێکدێنن، هەروەها گشت ئاگامەندییەکانی مرۆڤ بە درێژایی مێژووش جیهانی ژیانە.

هۆسرێل جاروبار وشەی (lifeworlds) هەروەها وشەی (lifeworld)بەکارهێناوە. هەمەکی بوونی ئاگامەندی مرۆڤ هەمان ژیانە جیهان و لەناخی ئەوانەدا لایەنی چکولەتر لە ئاگامەندی دیاریدەکرێ بە جۆرێک ئەوانیش فۆرمگەلێک لە ژیانە جیهان، بەڵام ئەمانە لە ناخی هەمەکی بوونی ئاگامەندی مرۆڤدان. مەبەستی هۆسرێل ، لە جیهانی دەرەکی، هەمان جیهانی هەمەکییە بە درێژایی مێژوو خۆی بە مرۆڤ نیشانداوە. ئەمە لە چەمکی ڕەهای هێگل نزیک دەبێتەوە، بەڵام لە بەرهەمە سەرەتاییەکانی هۆسرێل دا باس لە چەمکی ڕەها یان ڕووت «absolute» ناکرێت، بەڵکو بە تێپەڕین لە شێوەی هیومی بەرەو شێوەی کانتی و لە کانتیەوە بەرەو دیکارت و لە دیکارتەوە بۆ هیگل لەم باسانەدا سەردەردێنێ، کەواتە پێویستە هەر زاتێک و پەیوەندیەک لە فۆرمی ئاگامەندی مرۆڤدا دەرکەوێ.

## خۆ بەرزەجێ
**Transcendental Ego**

بـە درێـژایـی باسەکە میتۆدی دیـاردەنـاسـی هۆسرێل ، دوایـەن بابەتی باسی خۆی بەرزەجێیەو ئەم بابەتە لە دوایـەن ساڵەکانی ژیانی هۆسرێل دا گرنگی پێدەدرێت. ئەم باسە لە فەلسەفەی هۆسرێل دا لە پـەراوێـز کەوتبوو. ئەمەش مانای ئەوەیە مەبەستی سەرەتایی هۆسرێل سەرقاڵبوون بـەم جـۆرە بابەتانە نەبووە، بەڵام لە ڕوویی ناچارییەوە باسی لە سەر کردووە پرسەکە ئەمەیە: هەر ئاگامەندییەک بە جەوهەرێک بە ناوی «خۆ»وە گرێی خـواردووە. ئێستە پرسیارەکە ئەمەیە : ئایا وەها جەوهەرێک بوونی هەیە یان نا؟ دیکارت لای وابوو جەوهەرێکی ڕەها و بەرزی لەم شێوەیە هەیە، کەواتە هەوڵی ئەوە بووبەڵگەیەک بۆ ڕەها بوونی «خۆ» بێنێتەوە، بەڵام هەندێک لە فەیلەسووفەکان باوەڕیان بە وەها جـەوهـەرێـک نییە. هۆسرێل لە قۆناغێک لە ژیانیدا لایەنگری دیکارت بووە و هەر بۆیە سێ تیۆری لەسەر ئەم بابەتە هەیە :

1ـ کـاتـێ لـە ژێـر کـاریـگـەری هیوم بوو : هۆسرێل بۆچوون و تەفسیرێکی تایبەتی لە هیوم هەیە و پۆزێتیڤیستی نییە، بەڵام ئەو بە دامەزرێنەری دیاردەناسی نازانێ. گەرچی کاریگەری هیومی پێوە دیارە و ئەزمون لای ئەو وەک دیاردەناسی حەسێبی لەسەر کراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە، هۆسرێل لە قۆناغێکی ژیانی فەلسەفەکەیدا «خۆ»ی بە ئەزمونیی لە قەڵەمداوە و لای وابوو ئەم «خۆ» ئەزمونییە چ نییە جگە لە «خۆ»یەکە لە پرۆسەیەکی ئاگامەندیدا بناغە دادەنێت.

2ـ کاتێ لە ژێر کاریگەری دیکارت و کانت دا بوو، بۆ بابەتێکی وەک «خۆ» تایبەتمەندی بەرز دادەنێت، بەڵام ئەم تایبەتمەندییە بەرزەجێ یان «ترانسیندێنتاڵە«. مەبەستی هۆسرێل لە جەوهەر مانا مێتافیزیکیەکەی نییە.

3ـ قـۆنـاغـی هیگلی : «خـۆ» بـە شـێـوەیـەکـی ڕەهـا absolute دەردەکـەوێـت، کەواتە هۆسرێل سێ تیۆری لە قۆناغە جۆرواجۆرەکانی بیرکردنەوە لە سەر «خـۆ» هەیە. سەرەڕای ئەوەی هۆسرێل جگە لە قۆناغێکە لەژێر کاریگەری برێنتانۆدا بـوو. سێ قۆناغی بیرکردنەوەی هەیە کە هاوتەریبی سێ قۆناغەکەی دیکەن. 1ـ قۆناغی هیومی، خۆی ئەزمونی بەرهەمی وەبیر هێنانەوەی مێژووی ژیانی «خۆ»یە، لە ڕاستیدا «خۆ»، بەرهەم و دەرکەوتەی ئەو ڕووداوانەیە لە مێشکم دا ڕوویانداوە و بە شێوەی ئەزمونی زیندو لە خـۆمـدا هـەسـتـی پـێـدەکـەم. لەم سەروبەندەدا «خۆ» جەوهەر نییە، هەروەها وەک ناوەڕۆکێک لە ناخی ئاگامەندی ئێمەیش دا نییە. پێویستە بڵێین ئاگامەندی، هیچ کات وەک خسڵەتێک بۆ من دەرنەکەوتووە. وا دیارە ئاگامەندی بە ئێمەوە گرێی خــواردووە، واتـە «خـۆ» پاڵپشتی ئاگامەندییە و یەکێک لە خسڵەتەکانی منە. دیکارت ئاگامەندی بۆ وەسفی خۆ بەکاردێنێ. هۆسرێل پەرەی بەپانتای ئەم وتەیەی دیکارتداوە. بە بۆچوونی هۆسرێل پێشنەکان لایان وابوو ژیر بوون وەسفی زاتی مرۆڤەکانە.

دیکارتیش بە شێوەیەکی دیکە ئەم باسەی ورووژانـدووە، هەروەها لای وابوو ئەوەی مرۆڤ بە مرۆڤ دەکات بیرکردنەوە لە مانا گشتیەکەیدایە و ئەویش کارتێکراوییە. کانی نەفس، وێناکان و سەلماندنەکانە. دوائـر هۆسرێلیش پەرەی بەم وتانە داوە. بە بۆچوونی هۆسرێل لە وتەی «من بیر دەکەمەوە« من جەوهەر نییە، بەڵام دیکارت باوەڕی بە جەهەر هەیە و کانتیش وەک مەرجی جێبەجێکردنی هەر چەشنە زانینێک لە قەڵەمی داوە کوا ئەزمونی بێ.

ترانسێندێنتاڵ بوونی «خۆ» لای کانت بەهۆی ئۆمێنە بوونییە تی ، واتە مەرجی ناسینی ئەزمونی لەوەدایە «خۆی» وەک، گریمانەیەک لەبەرچاو گرتووە. گەرچی کانت بـاوەڕی بە جەوهەر بوونی «خۆ» نییە، بەهۆی ئـەوەی لـە ڕێـگـەی مێتافیزیکەوە لایەنی جـەوهـەر بوونی نەفس و ڕەها بوون ، هەتا هەتایی بوونی نەفس دەسەلمێنێت و کانتیش لە دیالێکتیکی بەرزەجێ و پاراڵۆژیزمدا ئەم باسانە پووچەڵدەکاتەوەدە، بەڵام لە لایەنی تیۆری زانینییەوە ئیگۆ بە ترانسێندێنتاڵ لە قەڵەمدەدا. چونکە ئیگۆ یـان خـۆ، یەکێتی بـوون بە بـڕیـارەکـان دەبەخشێت. دیکارت باوەڕی بە جەوهەر بوونی نەفس بوو، بەڵام نەفس لە مانا دیکارتییەکەیدا ترانسێندێنتاڵ نییە. بە پێچەوانەی ئەم هەڵوێستەی دیکارت، کانت باوەڕی بە جەوهەربوونی نەفس نییە، بەڵام نەفسی بە بەرزەجێ «ترانسێندێنتاڵ» لە قەڵەمداوە، هۆسرێل لە قۆناغی دووهەمی بیرکردنەوەکانیدا کانتی ـ دیکارتی بیر دەکاتەوە. ئەو باوەڕی بە جەوهەر هەیە، بەڵام جەوهەری مێتافیزیکی پەسەن ناکات. جەوهەر بوون چ نییە جگە لە ئاگامەندی و لە ڕێگەی ڕاگرتن یان هەڵپەساردنی جیهانی دەرەوە دیاردەکان دەمێننەوە و لە ڕێگەی ڕاگرتنی دیـاردەکـان، ماناکانیان کە هەمان ئاگامەندییە دەمێنێنەوە، بـەڵام بـە ڕاگرتنی

ئاگامەندی چ دەمێنێتەوە؟ پێویستە بڵێین ئاگامەندی هەڵناپەسێردرێت. گەر ئاگامەندی رابگیردرێت، ئەو کات دەتوانین بڕوانینە «من»ێکە جەوهەرێکی مێتافیزیکییە و ئەمەش لای هۆسرێل نەگونجاوە، چونکە گەر کەسێ باس لە جەوهەر بوون لە مانا مێتافیزیکییەکەی دەکات، ئــەمــەش پــەسـەنـكـردنـی نۆمێنی سەربەخۆ لە فێنۆمێندا دەگەیەنێ ، ئەمەش بە پێچەوانەی بنەماکانی فێنۆمێنۆلۆژیە. لە فێنۆمێنۆلۆژیدا جیهانی نۆمێن رادەگیردرێت واتە «ئێپۆخە» دەکرێت و لە ئاگامەندییدا دەردەکـەوێـت. ئەگەر«خۆ» شتێک جگە لـە ئـاگـامـەنـدی بـێ ئەوسا ئەبێ لە رێگەی رێداکسیۆنێکیتر، ئاگامەندی رابگیردرێت بۆ ئەوەی بە بناغەیەکی وەک «خۆ» بگات، کاتێ بیروڕا سروشتییەکانی راگرت، یەکەم رێداکسیۆن دیاردەناسیانە بوو. لە ناوەڕۆکی دیاردەکاندا گەیشتینە مانا و زانەکان، واتە فۆرمە عەقڵییەکانی لەم پرۆسانەدا هاتووچۆی ئاگامەندی لە ناخی خۆیدایە. ئاگامەندی خۆی لە ئاوێنەی شـەوودی هەستەکی، یـان هـەسـتـکـردندا دەبینێتەوە، هەربۆیە هۆسرێل لە کتێبی «رامانە دیکارتییەکاندا»، لە دەربڕینی مۆناد کەڵک وەردەگـرێـت. مۆناد هەموو شتێک لە ئاوێنەی ناوەڕۆکی خۆیدا دەبینێتەوە. جیاوازی مۆنادۆلۆژییەکانی هۆسرێل لـە مۆنادۆلۆژییەکانی لایب نیتز لەوەدایە، لە مۆنادۆلۆژی هۆسرێل دا، مۆنـادەکـان دەرکـەو پەنجەرەیان هەیە و داخـراو نین. هۆسرێل ئیگۆ یان «خـۆ» پەسەن دەکات و ئیگۆ لە بیرکردنەوەی کانت و دیکارتدا پێکەوە کۆدەکاتەوە. لە لایەک ئیگۆ مەرجی ناسینە و پێویستە وەک گریمانەیەک چاوی لێبکرێ. لە لایەکی تر ئیگۆ هەڵناپەسێردرێت و لە ئاگامەندی جیا نابێتەوە، بەڵکو ئیگۆ عەینی ئاگامەندییە. بە بۆچوونی هۆسرێل «من بیر دەکەمەوە» هیچ کات ناتوانێ دەرهەست بێ، بەهۆی ئەوەی خۆ تەنیا بیر کردنەوەیەکی پەتی نییە، بەڵکو خۆ بەردەوام بیر لە بابەتێک دەکاتەوە و لە ئەنجامدا پەیوەندی ساز دەکات، کەواتە بە بۆچوونی هۆسرێل ، جیابوونەوەی خۆ لە ئاگامەندی مانایەکی نییە، کەواتە لە رێگەی هەڵپەساردنی ئاگامەندییەوە «خـۆ»ی بەرزەجێ وەک، پەیوەندیەک سەرهەڵدەدا و لەڕاستیدا هەمان ئاگامەندییە، کەواتە خۆ دیاردەیە نەک ئەوەی بابەتێکی جیا لە ئاگامەندی ئێمە بێ. بەرزەجی بوونی «خۆ» مانای ئەوە دەگەیەنێ کە شیاوی هەڵپەساردن نییە و ناگەڕێتەوە سەر بابەتێک.

هەڵبەت ئاگامەندی دەتوانێ بگەڕێتەوە سـەر فۆرمێکی تر لە ئاگامەندی «واتـە یاسای مانەوەی ئاگامەندی» بەڵام ئاگامەندی بابەتێکی جـەوهـەریـی و دەرهـەسـت نییە، کەواتە «خۆ بوونی خۆ» بەردەوام بە بابەتێکی وەک « تۆ بوونی تۆ» بەندە و لێکدانابڕێن. ئەمەش مانای ئەوەیە، خۆ بـەردەوام لە بەرانبەر ئەویتر دایـە. کاتێ خۆ لە قەرەی ئاگامەندی ئەویتر دەدا «کەسیکیتر» سەرهەڵدەدا. لێرەدا هۆسرێل لە هیگل و نەریتی ئایدیالیزمی ئاڵمانی نزیک دەبێتەوە. پێش هێگل، فیشتە «خۆ بوونی خۆی» بە هەبوونی ئەوی دیکەوە گرێدرابوو. شیلینگ پەرەی بەم رەوتـەدەدا و هیگل بە لوتکەی دەگەیەنێت، بۆ ئەوەی لە ئاک بوون تێپەڕبێت. هۆسرێل لە قۆناغی یەکەمدا هیومی بیریی دەکردەوە و خۆی بە بەرزەجێ و جەوهەر لە قەڵەم نەدابوو، بەڵکو لای وابوو خۆ ئەزموونییە و لە رێگەی بیرەوەرییەکان پڕ کراوەتـەوە. بە بۆچوونی هیوم «خـۆ» بەرهەمی بیرەوەریە و بە شێوەی ئەزمونی مسۆگەر دەبـێ. هۆسرێل لە سەرەتـادا پـەرەی بە هەڵوێستەکەی هیومیدا، پاشان لای وابـوو ئاگامەندی وەک بەرهەمی بیرەوەری چاوی لێبکرێت، کەواتە ئاگامەندی خسڵەتی «خۆ»یە و خۆ بەرهەمی ئاگامەندییە، هۆسرێل دەڵێ خۆ و ئاگامەندی دوو دەربڕین بۆ یـەک شت نین. خۆ وەک ئاگامەندی پەیوەندی سازکردنە. لە ڕاستیدا «خۆ» پەیوەندی ساز کردن لەگەڵ ئەوی دیکە دایە. ئەم بابەتە یانی تێپەڕین لە ئاکەکەسی بەرەو ئاستی سەرتر کەوا ئاک لە هەناوی خۆی دەرباز دەبێت. بە بۆچوونی هۆسرێل سـەرەڕای تێپەڕین لە ئاکەکەسی، ئاک لە ناو کۆمەڵگەدا ژیان بە سەر دەبـات. مرۆڤ پێش ئـەوەی بـیـەوێ شتەکان بناسێ و تیۆریی بۆ دابڕێژێت، لە سەرەتادا لە ڕێگەی پەیوەندی سازکردن لەگەڵ ئاگامەندی ئەوی دیکە دایە، هەر کە پەیوەندی ساز کرد، دەردەکەوێت مەبەست ئەو کەسەیە لە ئاگامەندی کۆیی و ئـەزمـونـی ژیـانـدا کەڵک وەردەگرێت. بە بۆچوونی هایدیگەر لەم وتانەی هۆسرێل دا، هێرمێنۆتیک سەر هەڵدەدا، بەڵام هۆسرێل حاشای لەم وتەیە کردووە. هۆسرێل دەڵێ ئێمە لە یەک جیهانی مرۆییدا ژیان بەسەر دەبەین ئانوپۆ و کەرەسەی ئەم جیهانە ئاگامەندییە. مرۆڤەکان بۆ کەڵک وەرگرتن لە ئاگامەندی یەکتر، ئاسۆکانیان ئاوێنەی یەک دەکەن. ئەو ئاسۆیەی سەرجەم ئاسۆکانی تێدا وەدیار دەکەون، هەمان جیهانە، مەبەست لە جیهان، جیهانی فیزیا

نییە. لە ڕاستیدا جیهانی فیزیکی و مادیی لە ڕەگەزی ئاگامەندین، هەربۆیە هەڵوێستە سروشتییەکان هەڵدەپەسێردرێن و ئەوەی بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت لە ڕەگەزی ئاگامەندییە. سەرجەم ئاسۆکان لە ئاسۆی جیهاندا کۆ دەبنەوە. لە داهێنانەکانی هیگل ئەوە بوو، پلانی جیهان چۆنییە ئیە و چەندەکی نییە .

گەرچی زەینی ئێمە بە جیهانی چەندەکییەوە خووی گرتووە، بەڵام بە بۆچوونی هیگل جیهانی چەندەکی فۆرمێک لە جیهانی چۆنییە ئییە. گەرچی هەر دوو لایان لە ڕەگەزی ئاگامەندین، کەواتە لە جیهانی مادیدا، ئاگامەندی بە شێوەیەکی چەندەکی دەردەکەوێت، سەرجەم مرۆڤەکان بەهۆی ئەوەی کە مرۆڤن لە ناخی جیهان واتە ئاسۆکان ئامادە دەبن. ئەم جیهانە لە ڕەگەزی ئاگامەندی مرۆڤن و مرۆڤەکان لەم جیهانەدا یەک دەگرنەوە لە ئەنجامدا نابێ لە شوێن هەڵە و چاکی نۆمێنە و ئێپەڕ و ڕەها وێڵ بین، بەڵکو هەڵە و چاکە لە ناخی ئاگامەندی ئێمەدایە. شت لە خۆیدا هەمان ئاگامەندی کۆیی یان جیهانی ژیانە. ئاگامەندی لەم جیهانەدا خۆی دەردەخات و ئاک خۆی لەگەڵ ئەم ئاگامەندییە کۆییە هەڵدەسەنگێنێت. ئاگامەندی کۆیی، ئێنتەر سابجێکتیڤ یان «هاوبەشیی زەینییە»، واتە کاتێکە سووژە مرۆییەکان هاوئاسۆ دەبن و لە ئاگامەندی یەکتردا بەشدار دەبن و لە ئاگامەندی یەکتر کەڵک وەردەگرن. باس لە «خۆ» یان «ئێگۆ» «مەبەستمان ئێگۆی فرۆیدی « یان «خۆی بەرزەجێ» نییە کە ئێمە بەرەولای باسی ئاگامەندی کۆیی یان سۆبژێکتیڤ هان دەدا. دیاریکردنی خۆ یان ئاگامەندی هاوبەشی زەینی بوون، دیاردەیە و ئانۆپۆکەی لە ڕەگەزی ئاگامەندی مرۆڤە و نۆمێنە نییە و هەموو کەسێک دەتوانێ کەڵکی لێوەرگرێت. هەموو کەسێ پاش کەڵک وەرگرتن لە هاوبەشی زەینی دەگەڕێتەوە بۆ ناخی خۆی و لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی هاوبەشی زەینی لە ناخی سووژەدایە. لێرەدا سۆبژێکتیڤیتەی کەسەکە زاڵ دەبێ و لە سەر تەواوی بابەتەکان بڕیار دەدا. لێرەدا هۆسرێل حاشا لە ئەوەری سەرەکیی بوونی«خۆ» یان سۆلێپسیزم (solipsism)ناکات. سۆلێپسیزم مانای ئەوە دەگەیەنێ، سۆبژێکتیڤی «خۆ» دادوەری هەمیشەیی منە. بە بۆچوونی هۆسرێل پێویستە دیاردەناس ئایدیالیست و سۆلیپسیست بێ. باسەکانی هۆسرێل ئاکارمەندن و ئۆنتۆلۆژیکی نین، بەڵکو باسێکی مەعریفەییە. هۆسرێل حاشا لە ئاک بوون ناکات و ئاکێتی لە هەناویی هاوبەشییە زەینەکاندا ناسڕێتەوە. ئێمە بەردەوام لەگەڵ هاوبەشییە زەینییە کاندا لە پەیوەندیداین، بەڵام لە ڕێگەی هائووچۆوە ئەم ئاکێتیە دەپارێزین. لە ڕاستیدا هۆسرێل لە ڕێگەی بە بابەتی کردنی ئاگامەندییەوە تیۆری زانین لە سەرەتادا جێگیر دەکات. هۆسرێل بابەتی فەلسەفە لە ئاگامەندیدا دەبینێتەوە. مەبەستی فەلسەفە لێکدانەوەی ئاگامەندییە، نەک ئەوەی ئاگامەندی کەرەسەیەک بێ بۆ فەیلەسووفانی وەک، هایدیگەر و نیکۆلای هارتمان، خۆیان بەو پرسیارانە سەرقاڵکردووە هۆسرێل وروژاندوویەتی. پلانی سەرەتایی هایدیگەریش بە ناوی بوونناسی بنەڕەتی، لەڕاستیدا سەرقاڵبوون بە جیهانی ژیانە. ئێپێستمەی فۆکۆش پلاندانان بۆ جیهانی ژیانە و فۆکۆ ڕێگە چارەکانی ئەم پلانەی گۆڕاوە.

## پەراوێزەکان

- لەفەلسەفەی کانت دا لە نێوان شت لە خۆیدا things-themselves in و نۆمێنە Nomena جیاوازیی هەیە و سەرچاوەی ناسینی شت لە خۆیدا لە هەست پێکردنی ئێمەدا بە نەناسراویی دەمێنێتەوە، بەڵام نۆمێنە لەعەقڵی ئێمەدا بەگشتی هەیە و لەئەزموون کەڵک وەردەگرێت.
- بڕوانە فەلسەفەی هێگل نوسینی د. محەمەد کەماڵ، چاپی سەردەم.
- دیاردە ناسی دژ بە ڕەوتی پۆزێتیڤیزم دەوەستێت، هوسرڵ هەوڵی دەدا بۆ پاراستنی ئارمانجی بەزانستی کردنی بابەتەکان کە یەکێ لە ئاییەتمەندییەکانی مۆدێرنیتەیە و بە گشتی زانست بەرەولای دیاردە ناسی دەگوازێتەوە و تەنانەت بەئێکدەری زانستی لەقەڵەمداوە، هەربۆیە پۆزێتیڤیستەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم وهەروەها نیۆپۆزێتیڤیستەکان وفەیلەسووفە شیکارییەکان بایەخ بە دیاردەناسی هوسرڵ نادەن. یەکێ لەو کەسانەی لەنەریتی فەلسەفەی شیکاریدا بایەخی بە دیاردە ناسی داوە گیلبێرت ڕایلە. گەرچی دەزانین ئەمرۆ ڕایڵ تێگەیشتنێکی ئاییەتی لەدیاردەناسیدا هەیە. بەڵام بە تەواوی لە دیاردەناسی تێنەگەیشتووە. ڕایڵ سەرەڕای ئەوەی سەربە نەریتی فەلسەفەی شیکاری بوو، بەڵام دژبە نەریتی پۆزێتیڤیستەکانی بازنەی ڤییەن بووە و دواتر بوو بە ڕێبەری قوتابخانەی ئاکسفۆرد. جۆن ئاستین لەتیۆری «Speech Act»، لە ڕێگەی تەفسیری ڕایڵ و جۆن سێرڵ ئاڕادەیەک بایەخی بە دیاردە ناسی داوە. ئەمرۆ لەفەلسەفەی زەنیدا، کەسانێکی وەک «چالمێرز»

و «دەڵێت» لایان وایە دیاردەناسی هوسرڵ بۆ ورژاندنی هەندێ پرسیار بە کەڵکە. لە فەیلەسووفە شیکارییەکانی دیکە لە ڕێگەی خوێندنەوەی هوسرڵ و هایدیگەرەوە وازیان لە فەلسەفەی شیکاری هێنا. ئەم بابەتە ئەوەمان بۆ ڕوووندەکاتەوە، دیاردەناسی لە مێتۆدە جۆربەجۆرە زانستییەکاندا بەکاری دێنن. ڕیچارد ڕۆرتی پاش ئەوەی فەلسەفەی هایدیگەر و هوسرڵی ناسی وازی لە فەلسەفەی شیکاری هێنا.

ـ فرۆید، هەر وەک برێنتانۆ بیری دەکردەوە، بەڵام هەڵوێستی فرۆید پۆزێتیڤیستانەیە و لەگەڵ بۆ چوونی برێنتانۆدا یەکناگرنەوە، هەر بۆیە فرۆید پێداگری لە ئەست کردووە و ئەمەش سەرنجی فەیلەسووفە پۆست مۆدێرنەکانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشاوە. بەڵام چون لای وایە پێویستە دەروونناسی لەڕێگەی تۆێژینەوەی زانستی و تاقیکاوە ئیش بکات، هەڵوێستێکی پۆزێتیڤیستی هەیە. ئەمەش لە حاڵێکدایە دەروونناسی برێنتانۆ ڕەهەندێکی دەروونناسییانەی فەلسەفی گرتەبەر.

3. Psycologyical
. Anthropological
. Logical
. Descriptive psychology

ـ لەلاهوتی ئیسلامیدا دوو جۆر مەعقوول هەیە، 1ـ مەعقوولی یەکەم 2ـ مەعقوولی دووەم : 1ـ مەبەست لە مەعقوولی یەکەم ئەوەیە ،چەمکەکانی وەک گەرما و سەرما بوونێکی دەرەکی و تایبەت بەخۆیان هەیە واتە لەدەرەوەی زەینی ئێمەدا لەسەر بابەتەکان حەمل دەکرێت.

2ـ مەبەست لە مەعقوولی دووەم ئەوەیە، لەدەرەوەی زەینی ئێمەدا بوونیان نییە، واتە عەقڵ لە ڕێگەی شیکردنەوەی عەقڵەوە پێدەگات بۆ نمونە چەمکی هۆ و هۆ کرد. ئەگەر لەسەر بابەتێکی وەک «ئاگر هۆی گەرم بوونی ئاوە» لێرەدا جگە لە ئاو و ئاگر کە لەدەرەوەی زینی ئێمەدان و هەستی پێدەکرێت چەمک گەلێکی وە ک هۆ و هۆ کرد دەرکەوتە نییە. کەواتە مەعقولی دووەم سەرچاوەکە ی لە زیندایە.

– ئەمە جۆرێک بەرنگاربوونەوەیە دژ بەو ڕەوتە زانستییە پۆزێتیڤیستییەی کەوا جیهانی داگیر کردووە و جۆرێک نامۆیی تەکنۆلۆژی سازکردووە، مرۆڤ بووە بە کۆیلەی تەکنۆلۆژی و زانست. «وەرگێڕ»

ـ هەر بۆیە بیرکردنەوە لە بەشی زانستە مرۆییەکاندا کاتبەرە، وەک زانستی کامپیوتەر نییە هەر ساتێک سیستەمێکی نوێ سازکرا سیستەمەکەی تر لە کار کەوێت، جیهانی فەلسەفە، کۆمەڵناسی و دەروونناسی، باس لە ئاگامەندی و هزر دەکەن و پشت بە مەعریفەیەکی چۆنیەتی دەبەستن و پێوانەیی نین و پێویستە ئێبگەن و بیر بکەینەوە و ئەمەش دژ بە هەو شێوەیەک لە پۆزێتیڤیزمە. (وەرگێڕ)

*مامۆستا لەبەشی فەلسەفە/
زانکۆی سەڵاحەدین